# کوردو سوارەی حەمیدیە(١٨٩١-١٩٢٣)

## "لێکۆڵینەوەیەك لەپەیوەندی نێوان ئایین و ناسیۆنالیزم و خێڵ"


پ. هـ. د. سەلام عەبدولكەریم عەبدوڵا

م. هـ. رزگار عەبدولكەریم محەمەد

بەشی مێژوو- كۆلێجی پەروەردەی زانستە مرۆڤایەتییەكان- سیدصادق- زانكۆی سلێمانی/ عیراق



**پوختە**

بەشداریكردنی كورد لەپێكهێنانی سوارەی حەمیدیە لەسەردەمی فەرمانڕەوایی سـولتان عەبدولحەمیدی دووەم(١٨٧٦-١٩٠٩) و تێوەگلانی بەشـێك لەخێڵە كوردییەكان لەكوشـتاری ئەرمەن، یەكێك لەو بابەتانەیە، كە لەروانگەی پەیوەندی نێوان (ئایین و ناسـیۆنالیزم و خێڵ) پێویسـتی بەلێكۆڵینەوەو لێكدانەوەی ئەكادیمی وردتر هەیە، لەبەرئەوەی ئەو بابەتە پەیوەندی بەچەند رەهەندێكی ترەوە هەیە، لەوانە كەمی هۆشیاری نەتەوەیی و باڵادەستی بەرژەوەندی خێڵایەتی و كاریگەری سۆزو بیركردنەوەی ئایینی لەو قۆناغە هەستیارو گرنگەی كورددا.

هۆكـاری هەڵبژاردنی ئەم بـابەتە دەگەڕێتەوە بۆئەوەی خێـڵ و ئـایین رۆڵ و كـاریگەری گەورەیـان لەسـەر پـانتـاییەكی گەورەی رووداوە مێژووییەكـانی كورد داگیركردووەو لەهەندێ كاتیشـدا بەرژەوەندی خێڵایەتی و كاریگەری بیركردنەوەو سۆزی ئایینی بەشێوەی نەرێنی بەسەر كێشەی كورددا شكاوەتەوەو نەتوانراوە بەئاراستەی سوودی پرسی کورردا تەوزیف بكرێت.

ئامانجی ئەم توێژینەوەیە ئەوەیە هەوڵدەدات لەرێگەی بەكارهێنانی سـەرچاوە مێژوویی و زانسـتییەكانەوە لێكۆڵینەوەو بەدواداچوون و شـیكردنەوە بۆ هۆكـاری بەشـداری كورد لەپێكهینانی سـوارەی حەمیدیەو كوشـتاری ئەرمەندا بكات لەگەڵ كاریگەری كردنەوەی قوتابخانەی خێڵەكان لەئەسـتەنبوڵ و پەیڕەكردنی بیری پان-ئیسـلامیزم لەلایەن سـولتـان عەبدولحەمیدی دووەمەوە، لەرێگەی شـرۆڤەكردنی كاریگەری بەرژەوەندی خێڵایەتی و بیركردنەوەو سـۆزی ئایینی و كەمی هۆشـیاری

نەتەوەیی، سەرباری ئەوەی بابەتی پەیوەندی نێوان ئایین و ناسیۆنالیزم لەمێژووی کورددا بابەتێکی هەستیارو گرنگەو پێویستی بەلێکۆڵینەوەی زانستی زیاتر هەیە.

لەم توێژینەوەیەدا میتۆدی لێکۆڵینەوەی مێژوویی بەکارهاتووە بۆ خستنەڕووی رووداوە مێژووییەکان و بەدواداچوون و شیکردنەوەی هۆکاری روودانیان و کاریگەریان لەسەر ئەنجامی رووداوەکان. لەبەشی دووەمیشدا میتۆدی شیکاریی پەیڕەوکراوە بۆ شرۆڤەکردنی دروستبوونی سوارەی حەمیدیەو بەشداری کورد تیایدا لەروانگەی پەیوەندی نێوان خێڵ و ئایین و ناسیۆنالیزمەوەو بەوردی لەسەر ئەم بابەتە شیکردنەوەی مێژوویی و هزری کراوە.

**پەیڤێن سەرەکی:** *کورد، سوارەی حەمیدیە، ئایین، خێڵ، ناسیۆنالیزم، ئەرمەن.*

---

## پێشەکی

سوارەی حەمیدیە ئەو سوپا نانیزامییە بوو، کە لەکۆتاییەکانی سەدەی نۆزدە لەلایەن سوڵتان عەبدولحەمیدی دووەمەوە(١٨٧٦-١٩٠٩) دروستکرا بەئامانجی بەگژاچوونەوەی جوڵانەوەی نەتەوەخوازی ئەرمەنەکان و دەسوەردانی دەرەکی لەکاروباری ناوخۆی دەوڵەتی عوسمانیدا و کورد بەشدارییەکی کارای لەپێکهێنانیدا کرد. بەشداریکردنی کورد لەسوارەی حەمیدیەدا پەیوەندییەکی گرنگی بەهەژموونی بیرکردنەوەو بەرژەوەندی خێڵەوە هەبوو لەتەنیشت کاریگەری جۆرێك لەبیرکردنەوەی ئایینی و نەبوونی هۆشیاری نەتەوەیی لەو قۆناغە مێژووییەدا، کەسیستەمی ئابووری و کۆمەڵایەتی لەکوردستاندا لەدۆخێکی خراپ و دواکەوتوودا بووە.

هۆکاری هەڵبژاردنی ئەم بابەتە بۆ توێژینەوە پەیوەندی بەوەوە هەیە، کەتاوەکو ئێستا لەروانگەی پەیوەندی نێوان (ئایین و خێڵ و ناسیۆنالیزم) و لەچوارچێوەی توێژینەوەی ئەکادیمیدا لێکۆڵینەوەی لەسەر نەکراوە، چونکە تەنها دروستکردنی سوارەی حەمیدیە نەبوو، بەڵکو بەدواییدا راستەوخۆ قوتابخانەی خێڵەکان لەئەستەمبوڵ دروستکراو هێندە نەبرد سوڵتان عەبدولحەمیدی دووەم بیری پان-ئیسلامیزمیشی پەیڕەوکرد. بەشێکی گەورەی کارایی و کاریگەری ئەم سیاسەت و پرۆژانەش لەو قۆناغە مێژووییە هەستیارەدا بەر کورد کەوتن و بەهۆی باڵادەستی سیستەمی خێڵایەتی و هەستی ئایینیەوە بووە. بۆیە ئەم توێژینەوەیە دەیەوێت لەرێگەی پشکنینی سەرچاوە مێژووییەکان و لێکۆڵینەوە لەدروستکردنی سوارەی حەمیدیەو بەشداری کورد لەکوشتاری ئەرمەندا لەروانگەی پەیوەندی نێوان ئایین و خێڵ و ناسیۆنالیزمەوە شیبکاتەوە.

ئامانج لەنوسینی ئەم توێژینەوەیە گەیشتنە بەو ئەنجامە زانستییانەی، کە لەشرۆڤەکردنی بابەتی دروستکردنی سوارەی حەمیدیەو بەشداری کورد تێیدا لەکاریگەری پەیوەندی نێوان ئایین و خێڵ و ناسیۆنالیزم بەرجەستە دەبن. هەروەك هەوڵدراوە ئەو گرفتانەی پەیوەستن بەخودی چەمك و تایبەتمەندی خێڵ و ئایین و ناسیۆنالیزمەوەو لەبەشداری کورد لەسوارەی حەمیدیەدا رۆڵیان هەبووە بخرێنەڕوو، چونکە ئێمە بۆچوونمان وایە بەشێك لەو هۆکارانە سروشتکردن و بەشیکی تریان پەیوەندیان بەنەبوونی هۆشیاری نەتەوەیی کوردو کەوتنە ژێر کاریگەری سۆزی ئایینییەوە هەبووە.

ئەو میتۆدە زانستییەی لەم توێژینەوەیەدا پەیڕەوکراوە بریتییە لەمیتۆدی لێکۆڵینەوەی مێژوویی، بەجۆرێ باس لەرووداوە مێژووییەکان کراوەو دواتر شیکردنەوە کراوە بۆ کاریگەری هۆکارەکان لەسەر دروستبوونی رووداوە مێژووییەکان و چۆنێتی روودان و ئەنجامەکانیان. هەوڵمانداوە بەمیتۆدێکی شیکاریی شرۆڤەی کارلێکی چەمك و تێگەیشتنەکان لەسەر رووداوە مێژووییەکان بخەینەڕوو، سەرباری ئەوەی بەتایبەت لەباسی دووەمی توێژینەوەکەدا، کەزیاتر ئامانج و مەبەستی ئەم توێژینەوەیە لەسەر رووداوەکان و هۆکارەکان و کارلێکی پەیوەندی نێوان ئایین و خێڵ و ناسیۆنالیزم پێکەوەو کاریگەریان لەسەر بیرکردنەوەو تێگەیشتنی کورد شیبکەینەوە.

توێژینەوەکە لەدوو باس پێکهاتووە، باسی یەکەم تایبەتە بە(بارودۆخی دەوڵەتی عوسمانی و سەرهەڵدانی جوڵانەوەی نەتەوەخوازی ئەرمەن لەکۆتایی سەدەی نۆزدەدا)و بەسەر دوو تەوەردا دابەشکراوە. تەوەری یەکەم(بارودۆخی دەوڵەتی عوسمانی و سەرهەڵدانی جوڵانەوەی نەتەوەخوازیی ئەرمەن)و تەوەری دووەم(سیاسەتی سوڵتان عەبدولحەمیدی دووەم بەرامبەر بەجوڵانەوەی نەتەوەخوازی ئەرمەن). هەرچی باسی دووەمە بەناونیشانی (کوردو سوارەی حەمیدیە لەروانگەی ئایین و خێڵ و ناسیۆنالیزمەوە)، کەسێ تەوەر لەخۆدەگرێت و زیاتر قورسایی توێژینەوەکە لەسەر ئەم باسەیەو تەرکیزی زیاتری خراوەتەسەر، تەوەری یەکەم (بەشداری کورد لەپێکهێنانی سوارەی حەمیدیە لەروانگەی گرفتی خێڵ و تێگەیشتنی خێڵەوە)و تەوەری تایبەتە بە(کوردو سوارەی حەمیدیە لەروانگەی ناسیۆنالیزم و گرفتی ناسیۆنالیزمی کوردییەوە)و کۆتا تەوەر تەرخانکراوە بۆ(کوردو سوارەی حەمیدیە لەروانگەی ئایین و هۆشیاری ئایینییەوە). لەکۆتایی توێژینەوەکەشدا ئەو ئەنجامانەی پێی گەیشتووین لەمیانەی نووسینی توێژینەوەکەدا بەچەند خاڵێك خراوەتەڕوو.

هـاوكـات لەم توێژینەوەیەدا ژمـارەیەك ســـەرچـاوەی جۆراوجۆر بۆنووســـینی توێژینەوەكە ســـوودیان لێوەرگیراوە، لەوانە لەســـەرچاوە عەرەبییەكان كتێبی(هوگر طاهر توفيق) بەناونیشـــانی(الكورد والمســـالة الكوردية ١٨٧٧-١٩٢٠) و كتێبی(ماجد محمد يونس زاخويى) بەناونیشـــانی(الفرســـان الحميدية ١٨٩١-١٩٢٣)، كتێبی (روبير مـانتران) بەنـاونیشـــانی(تـاريخ الـدولـة العثمـانيـة)و كتێبی(د.خـالـد عبدالقـادر الجنـدى) بەنـاونیشـــانی(الاقليـات الـدينيـة فى الـدولـة العثمـانيـة)و كتێبی(د.محمـد عمـارة) بەنـاوینشـــانی(الجـامعـة الاســـلاميـة والفكرة القوميـة)وكتێبی(يوجين روغـان) بەناونیشـانی(مدرســة العشــائر فى اســطنبول). هەرچی ســەرچاوە كوردییەكانە وەك كتێبی(د.عەبدولفەتاح عەلی بۆتانی) بەناونیشانی(سەرەتاكانی هەستی نەتەوایەتی كورد لەمێژووی نوێدا) و كتێبی(ســـوڵتان عەبدولحەمیدی دووهەم) بەناونیشـــانی(یادەوەرییە ســـیاســـییەكانم)و كتێبی(د.رەفیق ســـابیر) بەناونیشـــانی(كولتورو ناســـیۆنالیزم)و كتێبی(د.عرفان مســـتەفا) بەناونیشـــانی(بوونی نەتەوەیی كورد لەنێوان فەلســـەفەو سـۆسـیۆپۆلەتیكدا). جگەلەوەی سـوود لەژمارەیەك گۆڤاری زانسـتی بەزمانی عەرەبی و كوردی وەرگیراوە لەوانە گۆڤـارەكـانی(اداب البصـــرة، مجلـة الـدراســـات التربويـة والانسانية). لەگۆڤارە كوردییەكانیش وەك(دۆسێی توركیا، كوردۆلۆجی، نوێبوون).

بەپێویســـتی دەزانین ئەوە روونبكەینەوە، كەراســـتە قۆنـاغی مێژوویی توێژینەوەكەمان بریتییە لەماوەی نێوان ســاڵانی(١٨٩١-١٩٢٣) بەڵام لەبەرئەوەی ئێمە زیاتر لەرووی لێكدانەوەی هۆكاری بەشـــداری كورد لەســـوارەی حەمیدیە لەروانگەی(خێڵ و ئایین و ناســـیۆنالیزم)ەوە توێژینەوەكەمان نووســـیوە، بۆیە باســـی وردەكاری رووداوە مێژووییەكـانمـان نەكردووە تـاكۆتـایی مـاوەی توێژینەوەكە، بەڵكو تەنهـا بـارودۆخی دەوڵەتی عوسـمانیمان لەنیوەی سـەدەی نۆزدە باسـكردووە وەك زەمینەسـازی دروسـتبوونی سوارەی حەمیدیەو بەشداری كورد تیایدا.

**باسـى يەكەم (بارودۆخى دەوڵەتى عوسـمانى و سـەرهەڵدانى جوڵانەوەى نەتەوەخوازيى ئەرمەن لەسەدەى نۆزدەدا)**

**تەوەرى يەكەم/ بارودۆخى دەوڵەتى عوسـمانى و سـەرهەڵدانى جوڵانەوەى نەتەوەخوازيى ئەرمەن**

دەوڵەتى عوسـمانى لەنيوەى دووەمى سـەدەى نۆزدە بەدواوە لەدۆخێكى ئابوورى و سياسى خراپدا بوو، سەرهەڵدانى قەيرانى ئابووريى لەساڵانى حەفتاكاندا پەرەى سەند، بەجۆرێ وشكەساڵى و برسێتى و قاتوقڕى ناوچەكانى ئەنادۆڵى لێكەوتەوە. ئەوەش بووە هۆى لەنێوچوونى مەڕو ماڵات و چۆڵبوونى گوندو ناوچە كشـتوكاڵييەكان بەهۆى كۆچكردنى گوندنشينەكان بەرەو شارەكان. دەوڵەتى عوسمانى بۆ بەرەنگاربوونەوەى ئەم دۆخە سـەختە ئابوورييە هەوڵى زيادكردنى بڕو ڕێژەى باجى لەسـەر دانيشـتووانى رزگاربووى گوندەكان دا، ئەوەش مەينەتى خەڵكەكەى زياتركرد. لەلايەكيتريشـەوە ئەوەى ئەم دۆخە ئابوورييەى لەسەر شانى دەوڵەتى عوسمانى سەختركرد دەستنەكەوتنى قەرزى دەرەكى بوو لەلايەن وڵاتانى ئەوروپييەوە بەتايبەت لەدواى جەنگى قرمەوە(١٨٥٣-١٨٥٦)، بەدياريكراويش هەر لەو قۆناغە لەسـەر ئاستى جيهانى بێبازاڕى و دارمانى بازاڕى دراوى لێكەوتەوە، كەسـاڵى (١٨٧٣-١٨٩٦) بەردەوام بوو. ئەمەش بووە كارێكى مەحاڵ دەوڵەتێكى دەرەكى قەرز بەدەوڵەتى عوسـمانى بدات، سـەربارى كەڵەكەبوونى قەرزە كۆنەكانى، كە گەيشتبوونە نزيكەى(٢٠٠) مليۆن جونەيهى ئەستەرلينى، ئەمە جگە لەوەى نەيدەتوانى سودى سەر ئەو قەرزانەش بداتەوە(ئيريك جەى زوچەر، ٢٠٠٩: ١٢٧- ١٢٨). ئەم ژێر قەرز كەوتنەى دەوڵەتى عوسمانى بەهۆى سياسەتى سەرمايەدارە ئەوروپييەكانەوە بوو، كەبەهۆى چەوساندنەوەى ئابوورييەوە دەوڵەتى عوسمانييان كردبووە كۆڵۆنييەكى خۆيان(جەليلى جەليل، ٢٠٠٦: ١١). بۆيە دەوڵەتى عوسـمانى يەكێك لەقوربانيانى ئەم بارودۆخە ئابوورييە سـەختە بوو، كە لەسـەر ئاسـتى جيهانى لەو قۆناغەدا سەريهەڵدابوو(روبير مانتران، ج٢، ١٩٩٣: ١٨٠- ١٨١).

هەرچى بارودۆخە سياسييەكەش بوو جگە لەوەى لەسەر ئاستى ناوخۆ دەنگى رەخنەو نارەزايى لەسـەر شێوازو سيستەمى بەڕێوەبردنى دەوڵەتى عوسـمانى هەبوو بەهۆى جوڵانەوەى روناكبيريى توركە لاوەكان(١٨٧٦-١٩٠٩) و دواتريش ئەو كەسـانەى، كە لەژێر كاريگەرى بيرى سياسيى و هزرى ئەوروپاو پێشكەوتنى ئەوروپادا بوون بەتايبەتيش كۆمەڵەى (ئيتيحادو تەرەقى)، كەدواتر بوونە رێكخراوێكى سياسيى و سەرەتا بەنهێنى و پاشان بەئاشكرا كەوتنە دژايەتى و بەرهەڵستيكارى دەسەڵات و حكومڕانى سوڵتان

عەبدولحەمیدی دووەم، بەڵام بارودۆخی سیاسیی دەوڵەتی عوسمانی لەسەر ئاستی دەرەوەو ئاکامەکانی جەنگی لەگەڵ روسـیا(١٨٧٧-١٨٧٨)، کە بەتێکشـکان و شـکسـتی دەوڵەتی عوسـمانی شـکایەوە دۆخی سـیاسـی ئاڵۆزتر کرد، چونکە لەئاکامدا پەیماننامەی ئاشتی سان ستیڤانۆ لەرۆژی(٣ی ئاداری ١٨٧٨) لەنێوان دەوڵەتی عوسمانی و روسـیا مۆرکرا(رمیسـاء طارق محروس المحلاوی واخرون، ٢٠٢١: ٧) بەپێی ئەم پەیماننامەیە نەخشـەی جوگرافی ناوچەی باڵکان گۆڕانکاری بەسـەردا هات و (بوڵگاریاو مۆنتینیگرۆو رۆمانیاو سـربیا) سـەربەخۆیی خۆیان وەرگرت و سـەرلەنوێ سـنوورەکان لەئاسـیا بەقازانجی روسـیا کێشـرانەوە(خالید موراد چەتۆیێڤ، ٢٠٠٧: ٦٦). ئەوەی تایبەت بوو بەئەرمەنەکان بەپێی مادەی(١٦)ی پەیماننامەکە دەوڵەتی عوسـمانی راسـپێردرا چاکسـازی لەکاروبارو بەڕێوەبردنی ئەو ویلایەتانەدا بکات، کە ئەوانی تێدا نیشـتەجێن(کۆمیتەی سـەربەخۆیی کورد، ٢٠٠٩: ٣٥)، دەقی مادەکە دەڵێت:"دەوڵەتی عوسـمانی دەسـتبەجێ لەویلایەتە ئەرمەنەکاندا چاکسـازی ئەنجام بدات و لەبەرامبەر کوردو چەرکەسـەکاندا بیانپارێزێت"(هوکر طاهر توفیق، ٢٠١٤: ١٢٧)،(أمل بنت احمد هنیدی الحربی، ٢٠٢١: ٨٤). هەروەها روسـیا نەکشـێتەوە لەو ناوچانەی ویلایەتە ئەرمەنییەکان، کەداگیریکردووە تاوەکو دەوڵەتی عوسـمانی چاکسـازیی ئەنجام دەدات(د.رسـول شـمخی جبر، ٢٠١٠: ١٢٣- ١٢٤)، بەڵام بەهۆی نارەزایی وڵاتانی بەریتانیاو نەمسـاو ئەڵمانیاو هەنگاریا لەو پەیماننامەیە هێندەی نەبرد پاش چەند مانگێک کۆنگرەی بەرلین لەرۆژی(١٣ی حوزەیرانی ١٨٧٨) بەسـترا(ماجد محمد یونس زاخویی، ٢٠٠٨: ٤٣) بەبەمەسـتی پێداچوونەوە بەپەیماننامەی سـان سـتیڤانۆدا، لەبەرئەوەی ئەو وڵاتانەو بەتایبەتیش بەریتانیا بۆچوونی وابوو بەهۆی پەیماننامەی سان ستیڤانۆوە روسـیا دەرفەتی گەیشتن بەئاوە گەرمەکان و زاڵبوونی بەسـەر ناوچەکانی ئاسیای ناوەڕاست و باڵکاندا بۆ رەخسـاوەو ترسـی هەبوو دەوڵەتی عوسـمانی بەیەکجاری بڕوخێت و هاوسـەنگی سـیاسـیی لەناوچەکەدا بەقازانجی روسـیا بشـکێتەوەو مەترسـی لەسـەر بازرگانی جیهانی بەریتانیا دروستبێت(د.عەبدوڵلا عەلیاوەیی، ٢٠٠٤: ٦٥).

بەگوێرەی نـاوەڕۆکی خـاڵەکـانی کۆنگرەی بەرلین بەتـایبەت مـادەی(٦١) جەخت لەسـەر مافی ئۆتۆنۆمی بۆ ئەرمەنەکان دەکردەوەو دەبێت دەوڵەتی عوسـمانی بەڵێنی و چاکسـازی و باشـترکردنی رەوشـی ئەرمەنەکان لەویلایەتەکانی(وان، بەتلیس، ئەرزڕۆم، دیاربەکر، سـیواس، خارپوت) بدات(د.خالد عبدالقادر الجندی، ٢٠٢٠: ٢٢٨). هەروەها نیشـتەجێکردنی خێڵە کوردەکان لەناوچەکانی ئەرمەن. تاڕادەیەکی زۆر وڵاتانی بەشـدار لەکۆنگرەکە بەکزی باسـیان لە ئەرمەنەکان کردبوو، مافەکانیان

فەرامۆشـــکرد، هاوکات ســـوڵتان عەبدولحەمیدی دووەمیش گوێی بەو مادەیە نەداو چاکســازیی و باشــترکردنی ڕەوشــی ئەرمەنەکانی لەو ویلایەتانە پشــتگوێ خســت و جێبەجێی نەکرد(أ.منال ماجد احمد الماجد بوطيبان، ٢٠١٩: ٢٣٩). کاتێك ئەرمەنەکان زانیان لەکۆنگرەی بەرلین پشتگوێخراون لەناوەوەی دەوڵەتی عوسمانی و بەدیاریکراوی لەئەســـتەمبوڵ کەوتنە چـالاکی و دەربڕینی نـاڕەزایی دژی ڕەوشـــی ئـابووریی و ســـیاســـییان(مامەند ڕۆژە، ٢٠٠٨: ٧٠). لەبەرامبەر ئەمەدا ســـوڵتان عەبدولحەمیدی دووەم بەگژی ئەرمەنەکاندا چۆوە لەرێگەی پێکهێنانی تیپەکانی ســـوارەی حەمیدییەوە لەسەر پێشنیازی (شاکر پاشا)ی باڵوێزی دەوڵەتی عوسمانی لەپترسبۆرگ، کە لەکاتی بوونی لەتیپەکانی قۆزافی کورد لەروســـیا تێبینی دڵســـۆزی و ئازایەتی کوردەکانی کردبوو، بۆیە هەســتی بەگرنگی پێکهێنانی تیپی قۆزاقی لەمشـێوەیە لەئەنادۆڵیشـدا کردو لەرێگەی نوسینی راپۆرتێکەوە بۆ عەبدولحەمیدی دووەم و پێشنیازی دروستکردنی کردبوو. پاش گەیشـــتنی راپۆرتەکە بەســـوڵتان عەبدولحەمید خۆشـــحاڵی خۆی بۆپێکهێنانی دەربری، بەڵام شـــاکر پاشـــا نەیتوانی بەو ئەرکە هەســـتێ. بۆیە فەرمانی بە(زەکی پاشـــا)ی فەرماندەی ســـوپای چوارەمی عوســـمانی لەئەنادۆڵ کرد(ماجد محمد یونس زاخویی، ٢٠٠٨: ٦٨-٦٩).

لەراســـتیدا ڕەوشـــی ئەرمەنەکان تاکاتێك دەوڵەتی عوســـمانی بەهێزو شـــان و شـــکۆی هەبوو، نەکەوتبووە قۆناغی لاوازی و گەندەڵی بەرێوەبردن و داراییەوە، هەروەها وڵاتانی ئەوروپا دەســـتیان لەکاروباری ناوخۆی دەوڵەتی عوســـمانی و کەمینە ئایینی و نەتەوەییەکـانی نـاو ئەو دەوڵەتە وەرنەدابوو لەدۆخێکی بـاشـــدا بوون و لەئـارامی سـەقامگیریدا دەژیان(د.یوسـف ابراهیم الجهمانی، ٢٠٠١: ١٩)،سـەرباری ئەوەی بەسـروشـت نەتەوەیەکی لەســـەرخۆو ئاشـــتیخواز بوون، هاوکات خەڵکانی بەتوانای کارگێڕی و خاوەن پیشـەی جۆراوجۆر بوون و لەناو سـیسـتەمی فەرمانڕەوایی دەوڵەتی عوسـمانیشـدا چەندین کەسیان لەپلەو پۆسیتی بەرزو باڵادا بوون(د.مشعل مفرح ظاهر، ٢٠١٠: ٢ )، بەڵام کاتێك دۆخی ئابووری و دارایی و سـەربازی دەوڵەتی عوسـمانی بەرەو خراپی ڕۆیشـت لەبەر گەندەڵی ناوخۆیی و دەستێوەردانی دەرەکی و شکستە سەربازییەکانی لەجەنگەکاندا، ئەو دەوڵەتە بەرەو لاوازی زیاتر و داڕووخان چوو، چونکە نەیدەتوانی رکابەری سـیسـتەمی سـەرمایەداری رۆژئاوا بکات و توانای خۆنوێکردنەوەی نەبوو، لەئاکامدا کاتێك سـوپای عوســـمانی لەجەنگەکاندا تووشـــی شـــکســـت دەبوو دوو هێندە باج و ســـەرانە لەســـەر گوندنیشینەکان زیاد دەکراو لەم نێوەندەشدا بەشێکی زۆری بەر ئەرمەنەکان دەکەوت، کەزۆربەیان لەگوندەکانی ویلایەتەکانی ســەر ســنووری دەوڵەتی عوســمانی و روســیادا

بوون، لێرەوە نەفرەت و بێزاری لەئەرمەن پەرەی سەند و وردە وردە چەوساندنەوەی ئەرمەنەکان دەستیپێکرد، چونکە بارودۆخەکە بەسەر ئەماندا شکایەوە(مامەند رۆژە، ٢٠٠٨: ٨١).

ئەڵبەت سەرباری گەشەکردنی جوڵانەوەو خولیای نەتەوەخوازی ئەرمەن هاوکات دەستێکی دەرەکی گەورە لەپشت ئەرمەنەکانەوە هەبوو بۆ جوڵاندنیان بەئاراستەی داواکردنی زیاتری مافە نەتەوایەتییەکانیان بەدیاریکراویش روسیا(عبدالله شکاکی، ١٩٩٦: ٤)، ئەمە جگە لەوەی ئەرمەنەکان لەدیاسپۆرا لەژێر کاریگەری بیری شۆڕشی فەرەنسی و گەشەکردنی چینی بۆرژوای ئەوروپادابوون و ئەوانیش هانی ئەرمەنەکانی ژێر سایەی دەوڵەتی عوسمانییان دەدا، کەپەرە بەبیری سەربەخۆخوازی و نەتەوەخواخوازی خۆیان بدەن. بەهۆی سەربەخۆیی گەلانی باڵکانەوە ئەمانیش کەوتنە جوڵانەوەی نەتەوەخوازیی. هەروەك کۆمەڵێك رێکخراوو پارتی سیاسییش، کە لەیۆنان و سویسرا دامەزران لەوانە(کۆمەڵەی ئەرمنکان و هاشناك و تاشناك) رۆڵی گەورەیان لەهۆشیارکردنەوەی ئەرمەن هەبوو بەرەو داواکردنی مافی سەربەستی و سەربەخۆیی(هوکر طاهر توفیق، ٢٠١٤: ١٨٩-١٩٢)، بەڵام لەدوای کۆتاییهاتنی جەنگی عوسمانی- روسیاو بەتایبەتیش دوای پەیمانی سان ستیڤانۆو کۆنگرەی بەرلین پرسی ئەرمەن لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی زیاتر دەرکەوت، ئەمە هانی ئەرمەنەکانیدا داوای مافی سەربەخۆیی لەدەوڵەتی عوسمانیدا بکەن، لەمەشدا روسیا دنەی زۆری دان، سەرەڕای ئەوەی ئەرمەنەکان لەناوخۆی روسیا پێشترو لەو قۆناغەشدا مافە کولتوری و نەتەوەییەکانیان پێشێل دەکران و دەچەوسێنرانەوە، کەچی روسەکان کەوتنە هاندانیان و لەجەنگەکانی لەگەڵ عوسمانییەکاندا بەشداریان بەژمارەیەکی زۆری ئەرمەنەکان دەکرد(أ.م.د.احمد جاسم ابراهیم الشمری وأ.م.د.یونس عباس نعمة الیاسری، ٢٠٢٠: ٨)و ئەرمەنەکانیش دوودڵ نەبوون لەهاوکاریکردنی روسەکان و پیرۆزباییکردن لەسەرکەوتنیان بەسەر سوپای عوسمانیدا(أ.د.کریم طلال مسیر ود.نجلاء عدنان حسین، ٢٠١٩: ٥٤٤).

کۆتایی سەدەی نۆزدە قۆناغی گەشەکردنی بیری نەتەوەخوازیی بوو لەجیهان و لەژێر سایەی دەوڵەتی عوسمانیشدا، بەهۆی گۆڕانکارییە ئابووریی و کۆمەڵایەتییەکانی ئەوروپاو دەرکەوتنی چینی بۆرجوازیی و کۆتاییهاتنی سیستەمی دەرەبەگایەتی و دەرکەوتنی سیستەمی ئابووری سەرمایەداری و گەشەکردنی چینی بۆرجوای ئەرمەنی، گۆڕانکاری لەناو ئەرمەنەکانیشدا روویدا (د.حامد محمود عیسی، ٢٠٠٢: ٧٤)، بەڵام بەهۆی هەژمونی دەوڵەتی عوسمانی بەسەر ئەرمەنەکاندا ناچاربوون لەدەرەوەی دەوڵەتی عوسمانی و لەدیاسپۆرا بیریان لەگەشەپێدانی خولیای نەتەوەخوازی لەژێر سایەی

گەشـــەکردنی چینی بۆرجوازیـدا بکەنەوە. هەربۆیەشـــە ڕێکخراوو پـارتی بۆرجواز مەشـــرەبیـان لەئەوروپـا دامەزرانـد(جەلیلی جەلیـل، ٢٠٠٦: ١٢- ١٤). بۆیە ئیتر لێرەوە ئەرمەنەکـان لەچوارچێوەی بزاڤ و ڕێکخراوو پـارتی ســـیاســـیدا کەوتنە خەبـاتی نەتەوەخوازیی لەدەوڵەتی عوسمانیدا. وەك باسمانکرد ئەرمەنەکان نەتەوەیەکی بێدەنگ و بێ گرفتی نێو دەوڵەتی عوســـمـانی بوون و ڕۆڵ و کـاریگەری گەورەیـان لەبەرەو پیشـبردنی ژیانی ئابووری و سـیاسـی و کۆمەڵایەتی دەوڵەتی عوسـمانیدا هەبوو بەئارامی دەژیان و تاڕادەیەکی زۆر مافەکانیان پارێزراو بوو بەپێی جیاوازی قۆناغە مێژووییەکان، تەنانەت لەسـەرەتای دەسـەڵات و فەرمانڕەوایی سـوڵتان عەبدولحەمیدیشـدا، بەڵام کاتیك بوونە ئامرازی وڵاتانی زلهێز بەگشتی و بەتایبەت ڕوسیاو لەولاشەوە هۆشیاری نەتەوەیی و خولیای نەتەوەخوازیی بەهۆی ئەو هۆکارانەی پێشـــتر باســـمانکردو ڕێکخراوو پارتی ســیاســی ئەرمەنی دروســتبووبوون، کەوتنە دژایەتی دەوڵەتی عوســمانی، ئیدی ســوڵتان عەبدولحەمیدی دووەم بەتوندی بەگژیاندا چۆوە لەڕێگەی پێکهێنانی تیپەکانی سوارەی حەمیدیەوە(لازاریف واخرون، ٢٠١٢، ٥٣).

## تەوەری دووەم/ سیاسەتی سوڵتان عەبدولحەمیدی دووەم بەرامبەر بەجوڵانەوەی نەتەوەخوازی ئەرمەن

ســـوڵتـان عەبـدولحەمیـدی دووەم بەرامبەر گەشـــەســـەنـدنی جوڵانەوەی ســـەربەخۆخوازی و ڕزگاری نەتەوەکانی ژێر دەســـەڵاتی دەوڵەتی عوســـمانی بەگشـــتی و ئەرمەنەکان بەتایبەت، کەوتە بیری بایەخدان بەسیستەمی خێڵایەتی ئەویش بەدوو ڕێگا، یەکەمیان: دروســـتکردنی تیپەکانی ســـوارەی حەمیدیە لەســـاڵی ١٨٩١و دووەمیان کردنەوەی قوتابخانەی خێڵەکان لە ئەستەنبوڵ ساڵی ١٨٩٢(د.عەبدولفەتاح عەلی بۆتانی، ٢٠٠٦: ٥٧)، هەریەکەیان بەئامانج و مەبەستێکی دیاریکراو. هەروەها سیاسەتی بایەخدان بەبیری پان- ئیسلامیزم(الجامعة الاسلامیة) بۆ کەمەندکێشکردنی سۆزو لایەنگیری مسوڵمانانی ژێر سایەی دەوڵەتی عوسمانی بەئامانجی بەرەنگاربوونەوەی پلان و تەڵەکەی وڵاتانی بێگانەو زلهێزەکان(أ.د.محمد سهیل طقوش، ٢٠١٣: ٤٧٨-٤٧٩ ). ئەوەی تایبەت بوو بەبەرەنگاربوونەوەی جوڵانەوەی ســـەربەخۆخوازی ئەرمەنەکان، پەیوەندی بەوەوە هەبوو، کەدوای کۆتـاییهـاتنی جەنگەکـانی لەگەڵ دەوڵەتی ڕوســـیـا، دەوڵەتی عوســـمـانی گەیشـــتبووە ئەو قەناعەتەی، کەهێزە ناوخۆییەکان ســـەد هێندەی هێزە دەرەکییەکان مـایەی مەترســـین، چونکە بەفاکتەرێکی پشـــێوی و ناســـەقامگیری و لەبەریەك هەڵوەشـــانی ئیمپراتۆرییەتەکەی دەزانین، بۆیە کەوتە چـانـدنی تۆوی دووبەرەکی و

دوژمنایەتی لەنێوان نەتەوەو پێکهاتەکانی ژێر سـایەی فەرمانڕەواییەکەیدا(کۆمەڵێ نووسەر، ٢٠٠٩: ٩٠). سـەبارەت دامەزراندنی تیپەکانی سـوارەی حەمیدیە لەچەند تیپێك پێکهاتبوون و زیاتر لەویلایەتەکانی سـەر سـنووری روسـیا بەتایبەت(وان، بەتلیس، ئەرزڕوم)بوون، کەنزیکەی (٥٠) پەنجا هەزار چەکدار دەبوون. هەر خێڵێك بەیەکەیەك یان زیاتر لەیەکەیەك لەو هێزە نانیزامییەدا بەشـداربوون. هاوکات ئەو گەنج و لاوانەی تەمەنیان (١٧) حەڤدە ساڵ بووایە بۆ ماوەی (٣) سی ساڵ بەشداریاندەکرد(د.حامد محمود عیسی، ٧٠-٧١).

مامەڵەکردنی دەوڵەتی عوسمانی لەگەڵ خێڵەکان و پەیڕەوکردنی سیاسەتی بایەخدان بەسیستەمی خێڵایەتی لەتەنیشت رەهەندە سیاسییەکەدا، رەهەندی ئابووری و کۆمەڵایەتیشی هەبوو، چونکە لەمێژبوو دەوڵەتی عوسـمانی هەوڵی نیشـتەجێکردنی خێڵەکانی دەدا لەرێگەی هێزو پێشـکەشـکردنی بەخشـشـەوە، بەجۆرێ بەر لەسـوڵتان عەبدولحەمیدی دووەمیش دەوڵەتی عوسـمانی لەسـاڵی (١٦٩٦)ەوە هەوڵی بیمەکردنی سـەرچاوەکانی داهاتی خۆی دا لەقۆناغی دەسـتپێکردنی شـکسـتەکانی لەبەردەم هێزە ئەوروپییەکاندا، بەهۆی ئاتاجی زۆری بەماڵ و دارایی لەئاکامی قەیرانی دارایی و بەرزبوونەوەی تێکڕای گەشـەی دانیشـتووان لەبەرزاییە دێمەکانی ئەنادۆڵ، کەدەوڵەت بۆ هاوسـەنگکردنی گوشـاری خێڵە کۆچەرییەکان پێویسـتی بوو، لەرێگەی نیشـتەجێکردنی ئەو خێڵانە لەزەوییە دێمەکانی ئەنادۆڵی رۆژهەلات و شـام. ئامانجی دەوڵەتی عوسـمانی لەنیشـتەجێکردنی خێڵە کۆچەرییەکان بریتی بوو لەگۆڕینی سـروشـتی ژیانی کۆمەڵایەتی و ئابووری خێڵەکان و هاندانیان بۆ کشـتوکاڵکردن و کارئاسـانیان بۆ کۆمەکیکردنی گەنجینەی دەوڵەت لەبری هەڵاتنیان لەباجدان و ئەنجامدانی شـەڕو پەلامارو لێدان لەئۆقرەیی ناوچەکانی دەوروبەری دەوڵەت(https://nlka.net/archives/10472). لەبەرئەوەی سـالانە ماڵ و داراییەکی زۆری گەنجینەی دەوڵەتی عوسمانی بەهەدەر دەچوو بەهۆی خۆدزینەوەی خێڵەکان لەدانی باج و سـەرانە(یوجین روغان، ٢٠١٤: ١٦). سـوڵتان عەبدولحەمیدی دووەم سـیاسـەتی جۆراوجۆری نیشتەجێکردنی گرتەبەر بۆ گۆڕینی خێڵە کۆچەرییەکان بۆ جوتیار، بۆئەمەش هەستا بەدابەشـکردنی زەوی(جفتلك)ی موڵکی سوڵتان بەسەر سەرۆکی خێڵە کۆچەرییەکان لەبەرامبەر کێڵانی ئەو زەویانە و کردنی بەکشـتوکاڵ و دانی باج، هەروەها بەخشـینی ئەوانەی زەوییەکان بەزاریعی دەکرد لەخزمەتی سـەربازی و دانی باجی میرانەو پێدانی پارەی پێشـەکی بەبێ سوو زیادە. ئەم سیاسـەتە داهێنراوە توانای تەنازولکردنی ئالوگۆڕی دوولایەنەی هێنایەئاراوەو نزیکبوو لەگرێبەستێکی نوێی کۆمەڵایەتییەوە، کەهەریەکە

تەنازول بۆ ئەویتریان بکات لەبەرامبەر چنگکەوتنی ســـودو کەڵك. لەمەدا هەندێ لەخێڵە کۆچەرییە عەرەبەکان رازی نەبوون، بۆیە ســـوڵتان عەبدولحەمیدی دووەم پەنای بردە بەر خێڵی (مللی) کوردی بۆ بەرپاکردنی جۆرێك لەهاوســـەنگی لەدونیای ئەو خێڵانەی، کەدرڕۆنگی ئاساییشیان دەخولقاند و سیاسەتە نوێیەکانی نیشتەجێکردنی خێڵەکـانیـان لەریشـــە دەردەهێنـا لەو خێڵە عەرەبییـانەش خێڵی شـــەمەر بوو(https://nlka.net/archives/10472).

لەلایەکی ترەوە سوڵتان عەبدولحەمیدی دووەم دەیویست دۆستایەتی خێڵەکان بۆ خۆی و دەوڵەت بەدەستبهێنێت. دەسپێکی ئەم هەوڵەشی بریتی بوو لەوەی لەساڵی ١٨٨٦ بانگی خێڵەکانی کرد بۆ ناردنی (٤٨) خوێندکار لەیەمەن و حیجازو تەرابلوسی رۆژئاوا بەمەبەستی خوێندن لەئەکادیمیای سەربازیی، بۆئەوەی دوای تەواوکردنی خوێندنەکەیان ببنە نموونە بۆئەو ناوچانەی لێوەی هاتوون، بەڵام بیرۆکەی نیشـــتەجێکردنی خێڵەکان وەك پێویست سـەرکەوتنی بەدەسـتنەهێناو سـالانی نەوەدەکانی سـەدەی نۆزدەش دیسـان هەوڵێکی تری دایەوە(https://nlka.net/archives/10472). ئەوەبوو بەفەرمانێکی ســـوڵتانی لە(٤ی تشرینی یەکەمی ١٨٩٢) قوتابخانەی خێڵەکانی لەئەستەمبوڵ بەفەرمی کردەوەو ئەو منـالانە وەردەگیران، کەتەمەنیان لەنێوان(١٢-١٦) ســـاڵ بووایە(نور ابراهيم نجم و أ.م.د.قحطـان احمـد فرهود، ٢٠٢٢: ٢٤٧ ،٢٤٩). لەم قوتـابخـانەیەدا منـاڵی بنەمـاڵە نـاســـراوەکانی کوردو عەرەب و ئەلبانی دەیانخوێنـدو کـاتێکی زۆریـان بۆفێربوونی کـاروبـاری جەنگی و قورئـان لەبەرکردن و خوێنـدنی ئـایینی و ئیســـلامی بۆ تەرخانکردبوو(جەلیلی جەلیل، ٢٠٠٦: ١٩- ٢٠).

لەراســـتیدا بیرۆکەی کردنەوەی قوتـابخـانەی خێڵەکـان و ســـیـاســـەتی نیشتەجێکردنیان سەرباری ئەوەی دەچووە خانەی سیاسەتی سوڵتان عەبدولحەمیدی دووەم لەو قۆناغە، هاوکات پەیوەندی بەتێڕوانینی دەوڵەتی عوسـمانی و خودی سـوڵتانەوە هەبوو لەمەڕ خێڵەکـان، چونکە عوســـمـانییەکـان بەچـاوی گومـانی قوڵەوە لەخێڵەکـانیـان دەڕوانی و وشـەی (خێڵ) هاوواتای مرۆڤی دواکەوتوو وەحشـی و دوور لەشـارسـتانییەتی لای ئەوان دەگەیاند بەتایبەت لای فەرمانبەرانی پایتەخت و ویلایەتەکانی دەوڵەتی عوسـمانی و پێیانوابوو خێڵەکان لەنەفامی و نەزانیدا نغرۆبوون. بۆیە ئامانجی دەوڵەتی عوســـمانی لەمەدا بریتی بوو لەجەختکردنەوە لەرۆڵی ســـوڵتـان وەك خەلیفەی مســـوڵمـانـان و بەناوەندیکردنی زیاتری دەسـەلاتی دەوڵەت، بەڵام خێڵە کۆچەرەکان لەمەدا بەکۆسـپ و قۆرت دادەنران. بۆیە پێویستبوو ئەمجۆرە سیاسەتەیان بەرامبەر بگیرێتەبەر(یوجين روغان، ٢٠١٤: ١٤)، لەبەرئەوەی خێڵەکان بەمەترســـی هەژمار دەکران لەســـەر خۆشـــگوزەرانی

ســـــەڵتەنەت و دەوڵەتی عوســـــمانی و مایەی نەنگی بوون بۆ گەنجینەی ماڵ و دارایی دەوڵەت، ئەویش لەسێ ڕێگەوە:

**یەکەم-** داکشـــــانی توانای باجدانی بەرهەمهێنەران بەهۆی هێرش و پەلاماری خێڵەکان بۆسەر جوتیاران و دانیشتوانی شارە بچووکەکان.

**دووەم-** ترســـــان لەهێرش و پەلاماری خێڵەکان بووەهۆی پاشـــەکشـــەی بەرهەمهێنانی ئابووریی بەهۆی کەمبوونەوەی ڕووبەری زەوی چێنراو سەرەڕای قۆرتی بازرگانیی.

**ســـێیەم-** بەرزبوونەوەی تێچووی هاوکاری هێزەکانی پاراســـتنی ئاســـاییش، کەئەرکیان بەرەنگـــاربوونەوەی ئەو هێرش و پەلامـــارانەی خێڵەکـــان بوو، ئەویش تەنهـــا دەیانتوانی لەرووبەرێکی دیاریکراودا ســـەرکەوتووبن، نەك هەموو ئەو ناوچانەی، دەکەوتنە بەر هێرشی خێڵە کۆچەرییەکان(یوجین روغان، ٢٠١٤: ١٥).

بۆیە خێڵە کۆچەرەکان بەمایەی مەترســـی لەســـەر دەســـەلاتی ناوەندی دەوڵەت هەژماردەکران، چونکە بەهۆی نەدانی باج و ئەنجامدانی تالان و بڕۆییەوە ببوونە خاوەنی ماڵ و دارایی و هێزی تایبەت بەخۆیان و لەهەندێ ویلایەت و ناوچە ڕکابەری دەســـەلات و هێزی دەوڵەتی عوســـمانییان دەکرد، بەو پێیەی لەهەمانکاتدا وێنای ڕێکســـختنێکی ســـیاســـی و کۆمەلایەتیشـــیان دەکرد. ســـەرباری ئامانجەکانی تری دەوڵەتی عوســـمانی و خودی ســـــوڵتان عەبدولحەمیدی دووەم لەکردنەوەی قوتابخانەی خێڵەکان، هاوکات هێندەی نەبردو دوای نزیکەی پازدە ســـاڵ و لەســـــاڵی (١٩٠٧) ئەو قوتابخانەیە داخرا، لەبەرئەوەی هەنـدێ پێکـدادان و گرفـت لەنێو خوێنـدکـارانی کوردو عەرەب و ئەلبانییەکان ڕوویدا، هەروەها گرفتی خراپی خواردن و شـوێنی مانەوەو کرێ و تێچووی خوێنـدن و گرانی ڕازیکردنی خێڵەکان بۆ ناردنی منـاڵەکانیـان بۆ ئەو قوتـابخـانەیە. لەوەش گرنگتر خوێندکارانی ئەو قوتابخانەیە بەبیری نوێی ڕۆژئاواو ئەوروپا کاریگەر بوون، کە دەمێك بوو دەوڵەتی عوســـمانی گرتبۆوە، بۆیە دەوڵەتی عوســـمانی بۆ ڕێگرتن لەبارگاویبوون و کاریگەربوونی زیاتری خوێندکاران بەفەرمانی سوڵتان عەبدولحەمیدی دووەم قوتـابخـانەکەی داخســـــت و گۆڕا بۆ قوتـابخـانەی کبتـاش(نور ابراهیم نجم و أ.م.د.قحطان احمد فرهود، ٢٠٢٢: ٢٥٨- ٢٥٩).

ســـــەبارەت بەئـامـانجەکـانی دەوڵەتی عوســـــمـانی و ســـــوڵتـان عەبـدولحەمیـدی دووەم لەپێکهێنانی سوارەی حەمیدیە لەو قۆناغە مێژووییەدا بریتی بوو لە:

١. گرێدانی خێڵە کوردەکان لەباکووری کوردستان بەدەوڵەتی عوسمانییەوە بەگشتی و بەخودی سوڵتان خۆیەوە ئەمەش لەناوەکەیەوە بەئاشکرا دیاربوو. هەروەك عوسمانییەکان خولیای سەربازی کوردیان باشدەزانی، بۆیە لەخزمەتی خۆیان و دەوڵەتەکەیاندا تەوزیفیان کرد، لەبری ئەوەی مایەی سەرئێشە بن بۆیان(خالید موراد چەتۆیێف، ٢٠٠٧: ٦٠). هەروەك تیپەکانی سوارەی حەمیدیە شێوازێك بوو لەشێوازەکانی پەیوەندی لەنێوان دەوڵەت و خێڵ لەکوردستان لەسەروبەندی سەدەی بیستدا، عوسمانییەکان لەبەر بەرژەوەندی خۆیان بەو شێوە مامەڵەیان دەکردو لێیان دەڕوانی(حمید بوز أرسلان، ٢٠٠٦: ٢٢٢).

٢. لێکهەڵوەشانی زیاتری کۆمەڵگەی خێڵەکی کوردی و وروژاندنی ململانێ و چاندنی رق و کینە لەنێوان خێڵە کوردییەکاندا، ئەوەش لەڕێگەی دامەزراندنی هەندێ لەخێڵەکان لەریزی تیپەکانی سوارەی حەمیدیەو دوورخستنەوەی هەندێکیتر، لەوانە خێڵە کوردییە عەلەوییەکان و خێڵە کوردییە سوننییە نادۆستەکانی دەوڵەت و زاڵکردنی هەندێکیان بەسەر هەندێکی تریاندا.

٣. زاڵکردنی کوردانی مسوڵمان بەسەر کوردانی یەزیدی و تایەفەی نەستوورییە مەسیحییەکان و ئەرمەنەکانی دراوسێیان و تێکەیاندنی کورد بەوەی ئەرمەن زیاتر دوژمنیانن تادەوڵەتی عوسمانی. بەتایبەتیش بەگژاچوونەوەی خولیای سەربەخۆخوازی ئەرمەن بۆئەمەش پێویستی بەمسوڵمانی ناتورك هەبوو، کە لەسەر سنوورەکانەوە ناوچەکانی ئەنادۆڵ بپارێزن. بۆیە ئاوێتەی سیستەمی فەرمانڕەوایی خۆی کردن و لەچوارچێوەی هێزی نانیزامیدا رێکیخستن، هەربۆخۆیشی شێوازی رێکخستنەکەیان لەهێزی نانیزامی عوسمانیدا ئامانجێکی تری سیاسی سوڵتان عەبدولحەمیدی دووەم بوو(حەمید بۆز ئەرسەلان، ٢٠٠٦: ٦٦- ٦٧).

٤. تەوزیفکردنی هێزی جەنگی کورد لەجەنگەکان دژی روسەکان لەباکوورو دژی گەلانی باڵکان لەرۆژئاوا، چونکە عوسمانییەکان دەیانزانی کورد نەتەوەی خزمەتگوزارەو بەدڵسۆزی ئەرکەکانی سەرشانیان جێبەجێدەکەن، لەکاتێکدا عوسمانییەکان متمانەیەکی ئەوتۆیان بەتیپەکانی سوارەی حەمیدیە نەبوو، هەندێ رێ و شوێن و دیسپلینی سەربازییان بۆدانابوون ئەوەش بەگوێرەی یاسای بنەڕەتی ساڵی (١٨٩٥)ی عوسمانی، کەتیایدا هاتبوو:"ئەندامانی سوارەی حەمیدیە لەکاتی مەشقدا نەبێ، نابێ بەرگی سەربازی لەبەر بکەن و چەك هەڵبگرن و بۆ دادگای کاتی ئاشتی بانگ دەکرێن"(د.عبدالرحمن قاسملو، ٢٠٠٦: ٤٦).

٥. ڕێگەگرتن لەگەشەکردنی هۆشیاری نەتەوەیی کوردو لەباربردنی پرۆژەی رزگاری نیشتیمانی، بەهۆی شۆڕشی شێخ عوبەیدوڵای نەهری(١٨٨٠-١٨٨١) و دواتر گەنجە کوردەکانی ئەو قۆناغەوە جۆرێك لەهۆشیاری نەتەوەیی و بیری رزگاربوون لەدەسەڵاتی عوسمانی و قاجاری هاتبووە ئاراوە، لەبەرئەوەی دامەزراندنی سوارەی حەمیدیە هاوکات بوو لەگەڵ پێشکەوتنی بیری نەتەوەیی بەتایبەت لەنێو منالی بنەماڵەی میرەکانی کورددا بەنموونە بنەماڵەی بەدرخانییەکان، کەدواتر لەرێگەی (میقداد مەدحەت بەدرخان)ەوە لەساڵی ١٨٩٨ رۆژنامەی(کوردستان)ی لەشاری قاهیرە دەرکردو رۆڵێکی بەدیمەنی لەهۆشیارکردنەوەی نەتەوەیی کورددا بینی(عەتا قەرەداخی، ٢٠٠٧: ١٦٥).

٦. کەمکردنەوەی مەترسی خێڵەکان لەسەر دەوڵەت و دەسەڵاتی ناوەندی و جێگیرکردنی سەرکەوتنی دەوڵەت لەخۆگرتنی منالی سەرۆك و ریشسپیانی شارنشینەکان لەپۆستەکانی دەوڵەت و سوپادا(حەمید بۆز ئەرسەلان، ٢٠٠٦: ٦٦- ٦٧).

بەشێکی تر لەسیاسەتی سوڵتان عەبدلحەمیدی دووەم بریتی بوو لەپەیرەوکردنی بیری پان-ئیسلامیزم(الجامعة الاسلامية) لەو قۆناغە مێژووییەدا، بۆبەگژاچوونەوەی هەڕەشەو مەترسییە ناوخۆیی و دەرەکییەکانی سەر دەوڵەتی عوسمانی، لەسەر ئاستی ناوخۆ بۆ دروستکردنی رایەڵەو پتەوکردنی پەیوەندی نەتەوە مسوڵمانەکانی ژێر سایەی دەوڵەتەکەی. لەمەشدا دەوڵەتی عوسمانی توانی دۆستایەتی فیودالی کورد بەدەستبهێنێت بۆخۆی(هوکر طاهر توفيق، ٢٠١٤: ٢٠٢). لەسەر ئاستی دەرەکیش بۆ بەرەنگاربوونەوەی مەترسی و پلانی وڵاتانی زلهێزی کۆڵۆنیالیستی، کە هانی خولیای سەربەخۆخوازی و نەتەوەخوازی نەتەوەو گەلانی ژێر سایەی دەوڵەتی عوسمانییان دەداو دەیانویست لەو رێگەیەوە هێندەی تر دەوڵەتی عوسمانی لاواز بکەن و مەبەست و مەرامە سیاسی و ئابوورییەکانیان وەدیبهێنن. بۆیە لەئاست گەشەکردنی جوڵانەوەی نەتەوەخوازی گەلانی بالکان و مەترسی کریستیانەکان بۆسەر یەکێتی عوسمانیی، سوڵتان عەبدولحەمیدی دووەم لەگرنگی و پێویستبوونی ئایین تێگەیشت و بۆئەمەش بریاری گۆڕانی سیاسەتی سەرەکی دەوڵەتی لەعوسمانیزمەوە بۆ بیری پان-ئیسلامیزم دا(بێرین کۆیونجو- لۆراسداغی، ٢٠١٥: ١٦٢).

چەمکی پان- ئیسلامیزم کۆمەڵێ رەهەندی ئایینی و سیاسی لەخۆگرتبوو بۆ چاکسازیکردنی لەو لاوازییانەی، کە بوارە کۆمەڵایەتی و ئایینی و ئابووری و هزرییەکانی دەوڵەتی عوسمانی و گەلانی جیهانی ئیسلامی گرتبۆوە، بۆیە وەك

رایەڵەیەك بوو، كەهەوڵی زیندووكردنەوەی هۆشـیاری و گیانی هاریكاری نێوان نەتەوەو گەلانی مســـوڵمانی دەوڵەتی عوســـمانی دەدا بەئامانجی یەكســـختن و یەكگرتنیان لەبەردەم پێشـــكەوتنی شـارسـتانییەتی ئەوروپا لەو قۆناغەدا(فاطمة زهراء رحمانی، ٢٠١٥: ١٥-١٦). هاوكات خودی سـوڵتان عەبدولحەمیدی دووەم لەیاداشـتەكانیدا بەوردی پەنجەی خسـتۆتەسـەر ناوەڕۆكی چەمكی پان-ئیسـلامیزم و لەمبارەیەوە دەبێژێت:"ئیمپراتۆریەتی عوســـمانی دەوڵەتێكە ژمارەیەكی زۆر گەل و نەتەوەی لەخۆگرتووە لەتورك و عەرەب و ئەرنـائوت و بوڵگـارو یۆنـانی و زنجییەكـان پێكهـاتووە. پەیوەســـتی ئیمـان كۆی كردونەتەوەو كردویانن بەتاكەكانی ناو یەك خێزان. لەم حاڵەتەدا پێویسـتە لەسـەرمان خۆمان بەمســـوڵمان لەقەڵەم بدەین پێشـــئەوەی عوســـمانی بین. ئایین بناغەی بونیاتنانی سیاسی و كۆمەڵایەتی دەوڵەتە"(سوڵتان عەبدولحەمیدی دووهەم، ٢٠١٠: ١٣٢-١٣٣). هەروەك لەمڕووەوە درێژەی پێدەدات و دەڵێت:"پێویستە لەسەرمان پەیوەستییە ئیسلامییەكان بەهێز بكەین، بەشـێوەیەك مسـوڵمانانی جیهان و چین و هیندسـتان و ئەفەریقیا پشـتیوانی لەباقی مســـوڵمانانی ناوچە جیاجیاكانی زەوی بكەن"( ســـوڵتان عەبدولحەمیدی دووەم، ٢٠١٠: ١٣٣).

ئەم بیرو پرۆژەیە لەو قۆناغە مێژووییەدا بەواتای تەوژمێكی هزری و ســـیاســـی دەهات بەرامبەر ژمارەیەك لەو ئاڵنگارییەی ڕوبەڕووی بیری ئیسلامی و گەلانی ئیسلامی لەكۆتاییەكانی ســـەدەی نۆزدە دەبۆوە، ئیدی لەناوخۆی جیهانی ئیســـلامی بوویێت وەك دواكەوتنی هزری و مەعنەوی و خلۆربوونەوەی شارستانی و ململانێی سیاسی و خێڵەكی یاخود لەدەرەوە لەسەر شێوەی هەڵكشانی كۆڵۆنیالیزم، كە لەئەوروپاوە بەرەو ڕۆژهەڵات و دەوڵەتی عوسمانی بەتایبەت هاتبوو. بۆیە بیری پان-ئیسلامیزم بریتی بوو لەبزوتنەوەیەكی سیاسی و ئایینی خاوەن دیدێكی ریفۆرمیستی و مەسەلەیەكی هزری و فەرهەنگی بوو بەئامانجی گرێدانی گەلانی ئیســـلامی بەهەموو ئایین و نەتەوە جۆراوجۆرەكانییەوە بەرایەڵەی یەكێتی ئومەی ئیسـلامییەوە، بۆئەوەی بەرەیەكی یەكگرتوو بێت لەبەرامبەر مەترســـییە دەرەكییەكان(محمد عمارة، ١٩٩٤: ٥٠)، بەڵام بەشـــێكی ئەم بیری پان-ئیسلامیزمە بۆ بەگژاچوونەوەو بەرەنگاری مەترسی جوڵانەوەی نەتەوەخوازی ئەرمەنەكان بوو، كە بەهۆی هاندانی روســیاو دنەدانی ئەرمەنەكانی دیاســپۆراو ئەو رێكخراوو پارتە ســیاســییانەی وەك(ئەرمنكان و هاشــناق و تاشــناق) لەدەرەوەی ســنوورەكانی دەوڵەتی عوسـمانی دروسـتبووبوون، ئەمە جگە لەكاریگەری لەسـەر بەشـێك لەنەتەوە مسـوڵمانە ناتوركەكانی دەوڵەتی عوسمانی و بەتایبەتیش كورد، بەو پێیەی نەتەوەیەكی مسوڵمانی ژێر سایەی ئەو دەوڵەتە بوو. ئامانجیش لێی زیاتر شەتەكدانی بوو لەژێر ئەو بیرو هەستە

ئایینی و ئیسلامییەدا، چونکە بەشی زۆری نەتەوەکانی باڵکان سەربەخۆیی خۆیان بەدەستهێنابوو دوای جەنگەکانی دەوڵەتی عوسمانی و روسیا(ئیریك جەی.زوچەر، ٢٠٠٩، ١٤٢) تەنها کوردو ئەرمەن مابوونەوەو دەوڵەتی عوسمانی ترسی لەهەردووکیان هەبوو، بەدیاریکراویش تازە بەتازە هەمووی چەند ساڵێکی کەم بوو شۆڕشی شێخ عوبەیدوڵای نەهری سەرکوتکرابوو، بەڵام جۆش و خرۆشی بیری نەتەوەخوازی لەجیهان و ناوچەکە لەپەرەسەندندا بوو(حامد ظاهر محمود وأ.م.د.قحطان احمد فرهود، ٢٠٢٣: ٦٥٧). بۆیە سوڵتان عەبدولحەمیدی دووەم بیری پان-ئیسلامیزمی وەك ئامرازێك بۆگۆشکردنی هەندێ هۆشیاری نەتەوە ژێردەستەکان و بەهێزکردنی سەرلەنوێ بناغەی دەوڵەتە لاوازەکەی لەڕووی کۆمەڵایەتییەوە لەو قۆناغە مێژووییەدا پەیڕەوکرد. سەرەڕای ئەوەی ئامانجی پاراستنی یەکێتی موسڵمانان بوو بەهۆی بەرزتر نرخاندن و وروژاندنی شوناسی ئیسلامی لەژێر سایەی ناسیۆنالیزمی ئیسلامی بەرەو هەستانەوەی نەتەوەیی، بەو پێیەی کرۆکی بیری پان-ئیسلامیزم جەختی لەسەر ئەوە دەکردەوە، کەدەبێ ناسیۆنالیزم بۆ بەهێزکردنی توخمەکانی تاك(نەتەوە مسوڵمانەکان)، کە یەکێتی عوسمانی پێکدێنن، خزمەتی یەکێتی ئیسلامیی بکات(بێرین کۆیونجو- لۆراسداغی، ٢٠١٥: ١٦٣).

**باسی دووەم (کوردو سوارەی حەمیدیە لەروانگەی ئایین و خێڵ و ناسیۆنالیزمەوە)**

دروستکردنی سوارەی حەمیدیە لەو قۆناغە مێژووییەو بەشداری کورد تیایدا جێگەی تێڕامانە، چونکە قۆناغە مێژووییەکە، کەکۆتایی سەدەی نۆزدەیەمەو قۆناغی هەڵشکان و برەوی بیری نەتەوەخوازی و ناسیۆنالیزم و گەیشتنی نەتەوەو گەلانی ژێر سایەی دەوڵەتی عوسمانییە بەئازادی و سەربەخۆیی و نەتەوەخوازیی، بەڵام کورد لەرێگەی ژمارەیەك لەسەرۆك خێڵەوە لەبری پەرەدان بەبیری نەتەوەخوازی و خولیای بەدەستهێنانی سەربەخۆیی تازە بەتازە بەشداریان لەپێکهێنانی تیپەکانی سوارەی حەمیدیە دەکردو مناڵەکانیان بۆ قوتابخانەی خێڵەکان لەئەستەمبوڵ دەنارد، لەکاتێکدا هێندە نەبوو یەکێك لەبەدیمەنترین شۆڕشەکانی کورد، کەشۆڕشی شێخ عوبەیدوڵای نەهری بوو ساڵی ١٨٨٠ هەڵایسا بوو. بۆیە بەبڕوای ئێمە دروستکردنی سوارەی حەمیدیەو پەیڕەوکردنی سیاسەتی خێڵایەتی و بەشێك لەئامانجەکانی گرتنەبەری بیری پان-ئیسلامیزم و کەوتنە ژێر کاریگەری بەشێك لەخێڵە کوردییەکان بابەتێکی یەکجار گرنگ و هەستیاری ئەو قۆناغە مێژوویەی کوردە، کەپێویستی بەشرۆڤەکردن و لێکدانەوەی بابەتی و زانستی هەیە لەروانگەی (خێڵ، ئایین، ناسیۆنالیزم) و پەیوەندی و کاریگەرییان بەیەکەوە لەسەر کورد. لێرەدا هەوڵدەدەین لەسێ تەوەردا شرۆڤەیان بکەین:

**تەوەری یەکەم- بەشـــداری کورد لەپێکهێنانی ســـوارەی حەمیدیە لەروانگەی گرفتی خێڵ و تێگەیستنی خێڵایەتییەوە**

ئێمە بۆچوونمـــان وایە گرفتەکە گرفتێکی دوولایەنەیە، یەکێکیـــان پەیوەندی بەپێناسەو تایبەتمەندی و سروشت و تێگەیشتنی خێڵەوە هەیە. لەلایەکیترەوە پەیوەندی بەخێڵی کوردی و تایبەتمەندی و سروشت و گرفتەکانییەوە هەیە.

خێڵ گەورەترین یەکەی خزمایەتییە، کەپشـــت بەیەك نەژاد دەبەســـتێت و لەکۆمەڵە هۆزێك پێکدێت لەناوچەیەکی نزیك یاخود دوور لەیەك ژیان بەســـەر دەبەن. خێڵ بەیەکگرتووی دەمینێتەوە، لەبەرئەوەی ئەو هۆزانەی پێکیانهێناوە لەیەك بونیادی خزمایەتی خوێندا رێکدەخرێن، کە لەیەك نەژادی هاوبەشـــەوە هەڵقوڵاوە(کامەران محەمەد، ٢٠٠٨: ٢٣٨). هاوکات خێڵ بۆخۆی یەکەیەکی ناوچەیی ناو کۆمەڵگای کشـــتوکاڵییە لەناوخۆییدا پەیرەوی لەیەکشـــوناســـی و یەککولتوری و یەکزمانی دەکات، بەڵام لەدەرەوەی خۆیدا و لەناو کۆمەڵگە کشـــتوکاڵییە ســـەروناوچەییەکەدا لەگەڵ خێڵەکانی تردا پەیرەوی لەجیاشوناسی فرەکولتوری و فرەزمانی دەکات، بەمەش خۆی لەخێڵەکانی تر جیادەکاتەوە. خێڵەکان لەدەرەوەی خۆیاندا لەگەڵ یەکتریدا پەیرەوی لەسـیسـتەمە ناوەکییەکەی ناوخۆیان ناکەن و پەیرەوی لەسـیسـتەمێکی تر دەکەن، کەسـیسـتەمی کۆمەڵگە سـەروخێڵەکییەکەیە، ئەم سـیسـتەمەش داوای یەکشـوناسـی و یەککولتورییان لێناکات، بەڵکو بەپێچەوانەوە داوای فرەشـوناسـی و فرەکولتورییـان لێدەکـات. بۆیە هەریەك لەو یەکـانە دەبێت لەنـاوخۆیـانـدا یەکبوونی خۆیان بپارێزن و لەدەرەوەی خۆیان و لەبەرامبەر یەکەکانی تردا جیایی خۆیان بپارێزن. لێرەوە دوو ســـیســـتەممان بۆ روونـدەبێتەوە، کەخێڵ لەدەرەوەی خۆی و ناوەوەی خۆیدا پەیرەوییـان لێـدەکـات(د.عرفـان مســـتەفـا،٢٠١١: ٣٧٢-٣٧٣). خێـڵ بـاڵاترین دامەزراوەی کۆمەڵایەتییە، کەزۆرترین ژمارەی لێکۆدەبێتەوە یاخود پەیوەســـتن پێیەوە. دوو هۆکاری ســـەرەکیش ئەو پەیوەســـتبوونە دروســـتدەکەن، ئەوانیش بریتین لەخوێن و دەمارگیریی. بەمەش خێڵ یەکەیەکی خاوەن خەســـڵەتی کۆمەڵایەتییە، کەخاوەنی کەســـێتی کۆمەڵایەتی و ئـابوری و جوگرافی خۆیەتی، لەرووی کۆمەڵایەتییەوە پێکهـاتەیەکی داخراوەو بەشـی زۆری پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانی لەسـنووری خۆیدا جێبەجێدەکات لەوانەش: پەیوەنـدی ژن و ژنخوازیی، هـاتوچۆو پەیوەنـدی ئـابووریی وەك یەکەیەکی سـەربەخۆو دابڕاو لەدەوروبەر ئیش دەکات، خاوەنی موڵك و سـامان و لەوەڕگای خۆیەتی و سـنووری جوگرافیای دیاریکراوی خۆی هەیە و بەهەموو شـێوەیەك دەیپارێزێت(کامەران محەمەد، ٢٠٠٨: ٢٣٩). ســـەرەڕای ئەو ســـنوورە جوگرافییە دیـاریکراوەی هەیـانە هیچ

ئاسۆیەکی تر لەو دیوی ئەو سنوورەوە نابینن تەنها دەستبەسەراگرتنی لەوەڕگەو موڵك و ماڵی خێڵی تر نەبێت وەك نەریتێکی خێڵەکیی، واتە خێڵ خولیا و خەونی فراوانتریان بەدەر لەخەونی بچووك و تەسکی خێڵەکی نییە، ئەمەش وادەکات تاکەکانی خێڵ بیر لەبەرژەوەندی گشتی نەکەنەوە، چونکە ئەو جوگرافیا بەرتەسکەی خێڵ تیایدا دەژی بەنیشتیمانی سەرەکی خۆی دەزانێ(کامەران محەمەد، ۲۰۰۸: ۲۵۰-۲۵۱) هۆکاری ئەمەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە، کەخێڵ سروشتکردەو دەستکرد نییە، ئەوەی لێیدەکەوێتەوە وەك خۆی خێڵە، گەر خێڵێك ژیانێکی دوورو درێژی هەبێت بەگەورەبوونی ناگۆڕێت بۆ جۆرێکیتر لەبونەوەر، بەڵکو خێڵ بەمانەوەو پەرەسەندن نەوەی وەك خۆی دەخاتەوە، بەجۆرێ بەدرێژایی قۆناغە مێژووییەکان دەبێت بەچەند خێڵێکی جیاوازو کولتورو زمانەکەشی بەهەمان شێوە دەبێت بەکولتورو زمانێکی جیاواز. ئەمەش رێگر دەبێت لەبەردەم ئەوەدا بەو رێگا سروشتییەی، کەهەیەتی جۆرەکەی خۆی بگۆڕێت و ببێت بەنەتەوە(د.عرفان مستەفا،۲۰۱۱: ۳۸٦). گرفتێکی تر بریتییە لەجیاوازی بونیادی و مانایی نێوان خێڵ و نەتەوە، بەجۆرێ خێڵ سروشتی مرۆڤ دایهێناوە، بەڵام نەتەوە ویستی مرۆڤ دروستیکردووە. خێڵ بەبێ سروشتی مرۆیی بوونی نابێت و ناشتوانێت بمێنێتەوە، نەتەوەش بەبێ ویستی دروستکردنی مرۆیی نەدەتوانێت ببێت و نەدەتوانێت بمێنێتەوە. خێڵ و نەتەوە هەریەکەیان یەکەی پێکهێنەری دوو کۆمەڵگەی سەرووناوچەیی جیاوازن و بەوەش یەکەی ناو پێکهاتەی ئەو کۆمەڵگایەن لەناوخۆیاندا پەیڕەوی لەیەکبوون دەکەن و لەدەرەوەی خۆیاندا پەیڕەوی لەجیاوازیی دەکەن(د.عرفان مستەفا،۲۰۱۱: ٤۰۱).

سەبارەت بەخێڵی کوردی تارادەیەکی زۆر خاوەنی هەمان چەمك و تایبەتمەندییە، بەو پێیەی کۆمەڵگەی کوردی سەدەی نۆزدە کۆمەڵگەی کۆتایی قۆناغی سەردەمی میرنشینە کوردییەکانە لەکۆتایی نیوەی یەکەمی سەدەی نۆزدە، لەو دیرۆکە بەدواوە میرنشین کۆتایی دێت، بەڵام شێوە ژیانە کۆمەڵایەتییەکە، کەشێوە ژیانی خێڵایەتییە و سیستەمی خێڵەکی تیایدا رۆڵ دەبینێت و باڵادەستەو هەژموونی بەسەر هۆشیاری و تێگەیشتنی تاکی کورددا هەیە. لەبنەڕەتیشدا میرنشینە کوردییەکان خۆیان دەسەڵاتێکی ناوچەیی و خێڵەکی بوون و ڕەنگدانەوەی سیستەم و شێوە ژیانە ئابوورییەکە بوون، کەئابوورییەکی کشتوکاڵی و ئاژەڵداریی بووە نەك ئەنجامی گەشەکردنی ئابووریی و کولتوریی کۆمەڵگەی کوردیی(د.ڕەفیق سابیر، ۲۰۰۸: ٤۹-٥۰). گرفتێکی تری خێڵی کوردی ئەوەیە بەگشتی خێڵی زەوییە، بەجۆرێ زیاتر لەگوندێکەوە نزیکە، کە لەنێوان دوو هەوارگەی هاوینەو زستانەدا دێن و دەچن. ئەمەش رۆڵی هەبووە لەناسەقامگیریی خێڵەکانی کوردو دیاردەی کۆچ و ڕەو گەرمیان

و کوێســــتان کردن و جێگیر نەبوون لەجوگرافیایەکی دیاریکراوو نیشـــــتەجێبوون تیایداو پێکنەهێنانی دامو دەزگای بەڕێوەبردن و شــــارنشــــینی بەو پێیەی دامو دەزگا بەرهەمی نیشــتەجێبوونی مرۆڤەکانە لەجوگرافیایەکدا(کامەران محەمەد، ٢٠٠٨: ٢٥٣) ئەمە سەرباری ئەوەی سیستەمی میرنشینی کوردیی پشتی بەئابوورییەکی سروشتی و داخراو بەســتووەو توانای ئەوەی نەبووە شــارو ناوەندی شــارســتانی دەوروبەری خۆی غەزو بکات و ســنوورو جوگرافیای فەرمانڕەوایی خۆی پەرەپێبدات(د.رەفیق ســابیر، ٢٠٠٨: ٥١). هاوکات ئەوەی ئاراســـتەی خێڵ و تێگەیشـــتن و بیرکردنەوەی خێڵی کوردی کردووە بریتی بووە لەســـەرۆك خێڵ بەتەنها نەك بیرکردنەوەو عەقڵێکی دەســـتەجەمعی، کە هەمووان تیایدا بەشداربن. سەرۆك خێڵیش دەسەڵاتێکی فراوان و ڕەهای هەبووە لەبەرامبەر هەموو کاروباری خێڵەکەدا، لەمبارەوە (باسیلی نیکیتین) دەڵێت:"هەرکاتێك سەرۆکی خێڵی کورد دەســـەڵات بگرێتە دەســـت ئیتر ئەندامانی خێڵەکە ناتوانن مشـــتومڕی لەگەڵدا بکەن". هەروەك دەسەڵاتەکانی سنووریان نییە، دەتوانێت دەست بەسەر موڵك و ماڵی هەر کەســـێکدا بگرێت و فەرمانی کوشـــتنیان بدات هەرکاتێ بەپێویســـتی بزانێت(د.شاکر خصباك، ٢٠٠٩: ٤١٥-٤١٦).

گەر بێینە سەر شیکردنەوەی بەشداری کورد لەپێکهێنانی سوارەی حەمیدیەو کوشتاری ئەرمەندا، ئەوە روونە، کەهەندێ لەخێڵە کوردییەکان بەشداربوون لەو سوپا نـانیزامییەدا نەك هەموو کورد، ئەوەش لەژێر کـاریگەری هەم بەرژەوەنـدی خێڵایەتی خۆیان و هەم ئەو ســـروشـــت و تایبەتمەندییەی خێڵ بەگشـــتی و خێڵی کوردی لەخۆی دەگرێت، لەبەرئەوەی بەپێی لێکدانەوەی زۆربەی ئەوانەش، کە قسە لەسەر خێڵ دەکەن، خێـڵ توانـای بەرهەمهێنـانی هۆشـــیـاری نییە، چونکە خێـڵ بەرهەمی کۆمەڵگەی کشـــتوکاڵییە نەك کۆمەڵگەی پیشـــەســـازیی، بەتایبەت کەســـێکی وەك(ئێرنســـت گێلنەر) بۆچوونی وایە هۆشیاری لەکۆمەڵگەی کشتوکاڵیدا بەرهەم نایەت لەبەرئەوەی یەکەی سیاسی و یەکەی کولتوریی نییە تاهەماهەنگ بن، چونکە گێلنەر هۆشیاری پەیوەست دەکات بەمۆدێرنەو کۆمەڵگەی پیشەسازییەوەو رای وایە هۆشیاری زادەی بوونی نەتەوەیەو نەتەوەش منـاڵی کۆمەڵگەی پیشـــەســـازییە نەك کشـــتوکاڵیی(د.عرفان مستەفا،٢٠١١: ٢٩٠). بۆیە کاتێك ژمارەیەك لەخێڵە کوردییەکان بەشداری دروستکردنی سوارەی حەمیدیەو کوشتاری ئەرمەن دەکەن لەبەر نەبوونی هۆشیاری نەتەوەیی و بەهۆی هەژموونی بیرکردنەوەو بەرژەوەندی خێڵەکیو بوغرایی خۆیانەوە بووە، ئەوەش لەبەرئەوەی خێڵ و تێگەیشـــتنی خێڵ بەرهەمی کۆمەڵگەی کشـــتوکاڵییە، کە لەو قۆناغە مێژووییەدا کۆمەڵگەی کوردی تاڕادەیەکی زۆر کۆمەڵگەیەکی کشـــتوکاڵی بووەو

خـــاوەنی ئـــابوورییەکی لاوازو بچووك و دواکەوتووش بووە. راســــتە هەنـــدێ لەخێڵە کوردییەکـانی وەك خێڵی دملی و زەینەڵ بەگی ســــەرۆکی خێڵەکە نەچوونە ریزی ســـوارەی حەمیدی و بەشــداری کوشــتاری ئەرمەنیان نەکردو دەوڵەتی عوســمانی هەوڵی دەســــتگیرکردنی دا(جەلیلی جەلیل، ٢٠٠٦: ٥٩)، بەلاَم لەهەموو ئەو شـــوێنانەی خێڵە کوردییەکان بەشـداری پێکهێنانی تیپەکانی سوارەی حەمیدییەو کوشـتاری ئەرمەنیان کردبێت، لەئەنجامدا بووەتە هۆی زاڵبوونی زیاتری دەســەلاَت و هەژموونی خێڵ و ســەرۆك خێڵە کوردییەکان و ســـەربەخۆیی دەســـەلاَتی خێڵەکییان، بەتایبەتیش دەرەبەگەکان، بەهۆی کەمبوونەوەی رێ و شـوێنی توندی باج و سـەرانەسـەندن و چاوپۆشـیکردن لێیان، ســەرباری ئەوەی دەوڵەتی عوسـمانی بەهەمو شـێوەیەك هاوکاری و کۆمەکی دەکردن و لەگوندە ئەرمەن نشـینەکاندا نیشـتەجێی دەکردن بەمەبەسـتی لەناوبردنی جوولاَنەوەی رزگاریخوازی ئەرمەن(هوکر طاهر توفیق، ٢٠١٤: ٢٠٤-٢٠٥).

گرفتێکی تری گەلاَڵە نەبوونی هۆشـــیاری نەتەوەیی لەنـاو ســـیســـتەمی خێلایەتیدا پەیوەندی بەپەرتەوازەیی و یەکنەبوونی خێڵە کوردییەکانەوە هەبووە یاخود زاڵبوونی خێڵێك بەســـەر هەموو خێڵەکانی تردا، لەبەرئەوەی ئەو خێلانە پێویســتیان بەوە هەبووە لەناوخۆیاندا لەگەڵ یەکدا لەناو کۆمەڵگایەکی گەورەتر لەخێڵدا کۆببنەوە، بەلاَم بۆ ئەم کۆبوونەوەیە نـاتوانن قبوڵی ئەوە بکەن یەکێکیـان زاڵ ببێت بەســــەر ئەوانیتردا، ئەمەش لەوەوە نییە، کە لەتـاقیکردنەوەی هێزەکانیـاندا هیچیـان نەتوانێت ســــەربکەوێت بەســــەر ئەوانیتریاندا، بەڵکو لەبەرئەوەیە هیچیان مەیلیان بۆ ئەوە نییە زاڵببێت بەسـەر ئەوانیتریانداو ئەوانیتر بخاتە ژێر ویسـتی خۆیەوە(د.عرفان مسـتەفا، ٢٠١١: ٤٢٣)، لەکاتێکدا دەبینین نەتەوەخوازی دروسـتکەری سیستەمێکە لەچۆنایەتی بۆژیانی پیکەوەیی کۆمەڵە گروپێکی کۆمەلاَیەتی جیـاوازو چـانـدنی چۆنـایەتییەکـانی ئەو سیستەمە لەناو ئەندامانی ئەو گروپە جیاوازانە تائەو گروپانە ببنەوە بەیەك و لەناو یەك ژیانی پێکەوەییدا ئەوە ئەنجام بدەن، کەبەبێ ئەو پێکەوەژیانە ناتوانن ئەنجامی بدەن، بەلاَم خێڵ بەسـروشـت کار لەسـەر دروسـتکردن و پارێزگاری لەجیاوازی و لێکدابڕان و شــــێوەژیـانی ســــەربەخۆی خێڵەکـان دەکـات، هەریەکە بۆخۆی لەجوگرافیـایەکی دیاریکراودا، مەگەر تەنها لەکاتی شـەڕو مەترسـیدا نەبێ پێکەوەبن(د.عرفان مسـتەفا، ٢٠١١: ٢٨٥). بۆیە گەر نەتەوە لەمادەی یەك خێڵ دروســتبکرایە نەك چەند خێڵێك، ئەوە ئاستەنگ لەبەردەم دروستکردنەکەیدا دروست نەدەبوو، بەلاَم لەبەرئەوەی بۆدروستکردنی نەتەوە مـادەیەکی خـاو پێویســــتە، کەزیـاترە لەو مـادە خـاوەی، کەســـــروشـــــت خێڵی لێدروسـتکردووە، ئەمە نەتەوەخوازیی ناچار دەکات بۆدروسـتکردنی نەتەوە، مادەی نەتەوە

لەچەنـد خێڵێكی كولتورو زمـان جیـاواز وەربگرێـت. ئەمەش وادەكـات لەنـاو مـادە خاوەكەی نەتەوەدا ئاســەواری ئەو جیاوازییە بمێنن، كەســروشــت خێڵەكانی پی مۆرك كردووەو ببێتە ئاســتەنگ لەبەردەم ئەو یەككولتوری و یەكزمانییەدا، كەنەتەوەخوازی لەو مادەیە شێوەگیری دەكات. كاتێكیش نەتەوەخوازی دەیەوێت بوونی نەتەوە لەرێگەی تاكە كولتورو زمانێك لەناو مادەكەیدا شــێوەگیر بكات، رووبەرووی چەند هێزێكی بەرگریكاری جیاواز دەبێتەوە. ئەو هێزە جیاوازانەش پاشــماوەی هەریەك لەو خێڵانەن، كەبەو كولتورو زمانە دەكرێن بەنەتەوە. ئەو هێزە سـروشـتیانەی كە لەناو مادەی خاوی خێڵە جیاوازەكاندا ماونەتەوە رێگر دەبن لەبەردەم ئەوەدا نەتەوەخوازی لەرێگەی تاكە كولتورو زمانێكەوە وێنەی نەتەوەی تێدا شێوەگیر بكات(د.عرفان مستەفا، ٢٠١١: ٤٠١-٤٠٢). ئەوەش، كەپەیوەسـتە بەدەمارگیری و عەسـەبییەتەوە، كە(ئیبن خەلدون) باسـی دەكات وەك حاڵەتێكی هاوبەشـی رۆحی و مەعنەوی ئەندامانی خێڵەو لەسـەر بنچینەی خوێن و خزمایەتی و دۆستایەتی هاوبەش دروست دەبێت، بەهۆكاری دروستبوونی دەوڵەتی دەزانێت. ئەم دەمارگیرییە لەپرۆسـەی كێشـەو پێكدادانی نێوان خێڵەكان، بەهۆی دەمارگیری و لەپێناوی مانەوەدا عەسـەبییەتێكی بەهێز هەموو عەسـەبییەتەكانی دیكە ملكەچی خۆی دەكات و لەكۆی هەموویان عەسـەبییەتێكی نوێ پێكدەهێنێت. ئەو خێڵانە پێكەوە وزەو توانای خۆیان ئاراسـتەی دەرەوەی خۆیان(شـار، یان ناوەندێكی شـارسـتانی) دەكەن و دەسـەڵاتی خۆیان بەسـەریدا دەسەپێنن(د.رەفیق سـابیر، ٢٠١٤، ٦٤). مەرجی پێشـوەختی دروسـتبوونی عەسـەبییەتیش بریتییە لەبوونی چەند خێڵێك و یەكێك لەو خێڵانە دەبێت غەریزەی زاڵییەتی لەناویدا چالاك بێت تا لەجەسـتەی خێڵەكانی تر بەهێزی زاڵێتییەكەی عەسـەبییەت دروسـت بكات. لەناو عەسـەبییەتیشـدا هێز حوكم دەكـات، ئەوەی بەهێزە حوكمی ئەوە دەكـات، كە بێهێزە، بەڵام گرفتی خێڵی كوردی ئەوەیە، كەعەسـەبییەتی تێدا بەرجەسـتە نەبووە تاهەموو خێڵەكان یەكبخات، ئەمەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە خێڵی كوردی غەریزەی زاڵبوون و زاڵێتی نەبووە، چونكە غەریزەی زاڵبوون دەبێتە هۆی خێڵێك هانبدات بۆ زاڵبوون بەسەر خێڵەكانی دەرەوەی خۆی و بەمەش ئەو خێڵە زاڵە ئەو هێزە دروسـت دەكـات، كەپێیـدەوترێت عەسـەبییەت. دواتر خێڵە بەزیوەكان دەبێت زمان و كولتوری ئایینی خێڵە زاڵەكانی ناو عەسـەبییەت هەڵبگرن. هـاوكـات عەسـەبییەتیش لەپەرەسـەندنی خۆیـدا نەك هەر رێگە نـادات خێڵی تری لێبكەوێتەوە، بەڵكو هەوڵـدەدات ئەو خێڵانەش، كەلەخۆی كەوتوونەتەوە لەرێگەی هێزەوە بیـانگێڕێتەوە نـاو خۆی و بەهۆی نەهێشـتنی جیـاوازییەكـانەوە بیـانكـاتەوە بەبەشێك لەجەستەی خۆی(د.عرفان مستەفا، ٢٠١١: ٤٠٤، ٤٠٥، ٤١٣).

**تەوەری دووەم- کوردو سوارەی حەمیدیە لەروانگەی ناسیۆنالیزم و گرفتی ناسیۆنالیزمی کوردییەوە**

ئەوەی لەم تەوەرەیەدا زۆرترین پرسیار لەبیرکردنەوەو مێشکماندا دروستدەکات بریتییە لەبەشداری کورد لەسوارەی حەمیدیەو کوشتاری ئەرمەن، کە بەراستی جێگەی لەســـەر راوەســـتانی ئەکادیمییە، چونکە قۆناغە مێژووییەکە قۆناغی ســـەرهەڵدان و تیۆریزەبوونی بیری نەتەوەخوازی و ناسیۆنالیزمە بەو پێیەی نیوەی سەدەی نۆزدەو کۆتایی ســەدەی نۆزدەیە، لەلایەکیتریشــەوە تازە بەتازە نەتەوەکانی بالکانی ژێر ســایەی دەوڵەتی عوســـمانی بەئاواتی ســـەربەخۆیی و مافی نەتەوەیی خۆیان گەیشـــتبوون، ئەوەی مابۆوە کوردو ئەرمەن بوون، کەپەیوەســـت بێ بەبابەتی توێژینەوەکەمانەوە. ســـەرباری ئەوەی پرسیاری جدی ئەوەیە چۆن و بۆچی کورد بەشداری سوارەی حەمیدیەو کوشتاری ئەرمەن دەکات، لەکاتێکا هەمووی دە ســـاڵێك دەبێت یەکێك لەشـــۆڕشـــەکانی کورد هەڵگیرساوەو دواتر شکستی پێهێنراوە، کەشۆڕشی شێخ عوبەیدوڵای نەهرییەو خاوەنی دیســکۆرسێکی نەتەوەیی و ئایینی کاریگەر بوو؟ وەڵامی ئەم پرسـیارە گەر پەیوەندی بەنەبوون و کەمی هۆشــیاری نەتەوەیی و ناســیۆنالیزمی کوردی لەو قۆناغەوە هەبووبێت، ئەوا پەیوەندیشی بەبەشێك لەو گرفتانەوە هەیە، کەخودی چەمکی نەتەوەو نەتەوەخوازی و ناســیۆنالیزم لەهەناوی خۆیاندا هەڵیانگرتووە، چونکە گەر بڕیار بێت نەتەوەخوازی و ناســیۆنالیزم بەرهەمی بوونی نەتەوە بێت، ئەوا بەپێی پێناســـەو چەمکی نەتەوەو مەرج و بنەمــاکــانی نەتەوەو نەتەوەخوازیی، کوردو کۆمەڵگەی کوردی ئەو قۆنــاغە مێژووییە گرفتی گەورەی لەگەڵ ئەو چەمکانەدا هەبووە. هەندێ بیرورا بەشداری کورد لەسوارەی حەمیــدیە بۆئەوە دەگێڕنەوە، کەهەســـتی نەتەوەیی لای زۆربەی تــاکی کورد پێنەگەیشـــتبوو تا ببێتە هۆشـــیاری نەتەوەیی(د.عەبدولفەتاح بۆتانی، ٢٠٠٦: ٦٠)، بەڵام بەبڕوای ئێمە بابەتە لەوە قوڵترەو رەهەندی جۆراوجۆر لەخۆدەگرێت.

لەتەوەری یەکەمـدا بەکورتی ئـامـاژەیەکی کورتمـان دا بەوەی لای گێلنەر نەتەوە بەرهەمی کۆمەڵگەی پیشـــەســـازی و ئەو گۆڕانکارییەیە، کە کۆمەڵگە لەقۆناغی کشــتوکاڵییەوە دەباتە قۆناغی پیشــەســازیی، لەبەرئەوەی لای گێلنەر نەتەوە پێشئەوەی هەر شتێك بێت، کۆمەڵگەیەکی پیشـەسازییە، واتە بوونی لەناو کۆمەڵگە پیشەسازییەکاندا شاراوەیەو ئەوە کۆمەڵگە پیشـەسازییەکانن، کەهەڵگری نەتەوەن و لەگەڵ پەرەســـەندنیاندا نەتەوە دروســـتدەکەن، بۆیە کۆمەڵگەی کشــتوکاڵی بەهیچ شـــێوەیەك هەڵگری بوونی نەتەوە نییەو نەتەوەی لێنـاکەوێتەوە. بەپێی ئەم بۆچوونەی گێلنەر بێت نەتەوەش پێش بوونی کۆمەڵگەی پیشـــەســـازیی بوونی نەبووە، چونکە

کۆمەڵگەی پیشەسازیی دەرکەوتەی مۆدێرنەیە، ئەمەش وادەکات نەتەوە بونەوەرێکی مۆدێرن بێت و پێش هاتنی مۆدێرنە هیچ ریشەیەکی نەبێت(د.عرفان مستەفا، ٢٠١١: ٢٩٠،٢٩٣). گەر بەپێی ئەم رایە گێلنەر بێت هۆکاری بەشداری کورد لەسوارەی حەمیدیەو کوشتاری ئەرمەن دەگەرێتەوە بۆئەوەی لەو قۆناغەدا خێڵ بووە نەك نەتەوە تاهۆشیاری نەتەوەیی لەناویدا دروست ببێت و بەپێی بەرژەوەندی و چارەنووسی نەتەوەکە بریار لەسەر بەشداریکردن یا نەکردنی بدات، لەبەرئەوەی خێڵ دەرکەوتەی کۆمەڵگەی کشتوکاڵییە بۆیە نەیتوانیوە ئەو تێگەیشتنە خێڵەکییە تێپەرێنێت. ئەوەی نەتەوەخوازی دروست دەکات بوونی نەتەوەیە، کاتێك نەتەوە بەو چەمك و تێگەیشتنە بوونی نەبێت ناتوانرێت هۆشیارییە نەتەوەییەکەش بوونی هەبێت. لەلایەکی ترەوە لای گێلنەر دروستبوونی نەتەوەو نەتەوەخوازی و ناسیۆنالیزم بەشێکی جیانەکراوەی گۆڕانی کۆمەڵگەیە لەکۆمەڵگەی کشتوکاڵییەوە بۆ کۆمەڵگەی پیشەسازیی. پرۆسەی گۆڕانی کۆمەڵگەکانیش بەبێ بەرگریکردن لەو گۆڕانە ناچێت بەرێوە. نەتەوەخوازیی وەك هێزی ناو کۆمەڵگەی پیشەسازیی لەرێگەی دروستکردنی نەتەوەوە کار بۆ ئەوە دەکات کۆمەڵگەی کشتوکاڵی بگۆڕێت بۆ کۆمەڵگەی پیشەسازیی، لەبەرامبەریشدا خێڵیش وەك هێزی ناو کۆمەڵگەی کشتوکاڵی دەبێتە هێزێکی بەرگریکەر لەبەردەم ئەو گۆڕانەدا، کەنەتەوەخوازی ئەنجامی دەدات(د.عرفان مستەفا، ٢٠١١: ٢٩٠،٣٦٤).

گەر بەدیدی (ئێرنست رێنان)یش تەماشای نەتەوە بکەین، کەلای ئەو "نەتەوە گیانە، پرەنسیپێکی رۆحییە، دوو شت هەن، کە لەراستیدا یەك شتن، ئەم پرەنسیپە رۆحییە پێکدەهێنن، یەکێکیان رابردووە، ئەویتریان لەئێستادایە. یەکێکیان بریتییە لەمیراتێکی دەوڵەمەندی بیرەوەری و ئەویتریان رەزامەندی هەنوکەیی و ئارەزووی پێکەوەژیان، ئیرادەی درێژەدان بەپیشاندان و دەستگرتن بەو میراتەی، کەبەشێوەیەکی هاوبەش پێیان گەیشتووە و بۆیان ماوەتەوە"(ئێرنست رێنان، ٢٠٠٩: ٣٧٥). واتە لێرەدا رێنان دوو بنەما بۆ بوونی نەتەوە بەهەند وەردەگرێت، کە لەسەری راوەستاوە ئەوانیش:

**یەکەم-** یادەوەرییەك لەرابردووی هاوبەش.

**دووەم-** بریاردان و دڵنیاییکردنی بەردەوام و هەمیشەیی ئیرادەی بەیەکەوەژیان.

بەڵام بەروانین بۆ بنەمای یەکەم، کەیادەوەری هاوبەشە، راستە کورد یادەوەری هەبووە، بەڵام گرفت ئەوەیە خێڵە کوردییەکان کاریان لەسەر دروستکردنی یادەوەری هاوبەش نەکردووە، تا لەساتەوەختی دروستکردنی سوارەی حەمیدیەدا ئەو یادەوەرییە هاوبەشە سروش و هۆشیاریی ئەوەیان بداتێ، کەبەشداری نەکەن، چونکە ئەوان لەبری دروستکردن و پێکهێنان و بەردەوامیدان بەیادەوەری هاوبەشی کورد، بەپێچەوانەوە

کاریان لەســـــەر یادەوەری خێڵ کردووە، کەبچووکترە لەنەتەوەو بەرتەســـــکتریشـــــە. لەبەرئەوەی بەبێ یادەوەری ســـــەختە گردبوونەوەو کۆبوونەوەی مرۆڤەکان و هاتنەئارای پێکەوەژیـان و ســــەرەنجـام نەتەوە دروســــت ببێـت، چونکە ئەم یـادەوەرییە پەیوەنـدی راســـتەوخۆی بەرابردویەکی هاوبەشـــەوە هەیەو ســـەختە ئیرادەیەك هەبێت لەدایکببێت، لەکاتێکدا رابردووی خێڵە کوردییەکان جیاوازی دروســـــتکردن و پاراســـــتنی فرەیی کولتورو شـــــونـاســـــی خێڵەکیـان بووە بەجیـا نەك شـــــونـاس و کولتورو یـادەوەری هـاوبەش(ئێرنێســــــت رێنـان، ٢٠٠٩: ٣٥٢). هەر لەروانگەی رێنـانەوە گرفتێکی دیکەی ناسـیۆنالیزمی کورد لەقۆناغی دروسـتکردنی سـوارەی حەمیدیەدا، کەبەشـداری دەکات، پەیوەنـدی بەنەبوونی یـادەوەرییەوە هەیە ســـــەربـاری ئەوەی لەو قۆنـاغەدا ئەوەی بوون و هەژمونی هەبووە خێڵ و تێکەیشـــــتن و بەرژەوەنـدی خێڵ بووە، بەڵام نەبوونی یـادەوەری نەتەوە، کەرۆڵی لەدروســــــتبوونی ناســــیۆنالیزم و نەتەوەخوازی و دواتریش بەرهەمهێنانی هۆشـــــیـاری نەتەوەییـدا هەیە بوونی نەبووە یـاخود یـادەوەرییەکی گرفـت ئـامێز بووە، بەمـانـایەکیتر رەنگە گەر بڵێین یـادەوەری بوونی نەبووە هەڵە نەبین، چونکە هەمووی چەند سـاڵێکی کەمە شـۆڕشـی شـێخ عوبەیدوڵای نەهری بەرپابووە، بەڵام بۆچی کورد بەشداری سوارەی حەمیدیە دەکات پاش نزیکەی (١١) ساڵێك؟ ئایا گەر کورد یادەوەری نەتەوەیی هەبوو بێت چۆن هۆشـیاری ئەوەی نەبووە بەشـداری سـوارەی حەمیدیە  نەکات؟ یـاخود ئەوەی لەو دۆخە بەرهەم دێت بریتییە لەوەی کورد نەتەوەیەکی بێ یـادەوەری بووە ئەگەرنـا یـادەوەری نەتەوەیی هەبووایە بەشـــــداری نەدەکرد. ئەوەی تـایبەتە بەکوردو نەتەوەخوازییەکەی، پێش هەر شـــتێـك بەهۆی کولتوری نـاوچەیی زمـان-شـــــێوەزاری ناوچەییەوە- بوونی خۆی وەك دیاردەیەکی ســـەربەخۆی ئیتنیکی- کولتوری پاراســـتووە. ئەمەش هێزێکی دیکەی بەســیســتەم و کولتوری خێڵایەتی داوەو گیانی ناوچەگەریی بەهێزکردووە، چونکە پاراســتنی کولتورەکەی بەشــێك لەپێداویســتی بابەتی مانەوەو خۆپـاراســــتنی بووە(د.رەفیق ســـــابیر، ٢٠٠٨: ٤٤). بەو پێیەی بەشـــــێکی زۆر لەوانەی چوارچێوەیەکی تیۆری بۆ نەتەوەخوازی و ناسـیۆنالیزم دیاریدەکەن لەســەر ئەوە کۆکن، کەناســــیۆنالیزم پەیوەندییەکی راســـــتەوخۆی بەو گۆڕان و پێشـــــکەوتنە ئابووری و کولتوری و کۆمەڵایەتییانەوە هەیە، کە لەنیوەی دووەمی ســــەدەی هەژدەیەمدا لەئەوروپا روویاندا. بەواتایەکی تر ناسـیۆنالیزم ئەنجامی راسـتەوخۆی رۆشـنگەری و مۆدیرنیزمە، بەڵام کۆمەڵگەی کوردی رۆشنگەری و مۆدێرنیزمی تێدا روونەداوە تاهۆشیاری نەتەوەیی دروست ببێت(د.رەفیق سابیر، ٢٠٠٨: ٢٥-٢٦).

بەپێی بنەمای دووەمی تێگەیشـــتنی ڕێنان بێت، دیســـان ئێمە لەبەردەم گرفتی گەورەداین لەئاســـت بەشـــداری کورد لەســـوارەی حەمیدیە، لەبەرئەوەی بنەمای دووەم، کەپێدادەگرێت لەســـەر بڕیـاردان و دڵنیـاییکردنی بەردەوام و هەمیشـــەیی ئیرادەی بەیەکەوەژیان، خێڵی کوردی لەرابردوودا ویســـت و ئیرادەی بەیەکەوەژیانی نەبووە تائەو بەیەکەوەژیـانە لەقۆنـاغی مێژوویی دواتردا بگۆڕێت بۆ فۆرمی جیـاوازتر لەخێڵ، ئیـدی کۆنفیـدراســـیۆنی خێڵەکیی بێت یـاخود دواتر نیشـــتەجێبوون و ســـەقامگیربوون لەجوگرافیایەکی دیاریکراودا بۆدروستکردنی شـارنشینی و هێنانەکایەی دامو دەزگاو گۆڕانکاری لەشـێوەژیانی کۆمەڵایەتی و ڕژێمی ئابووریی، لەئابووری کشـتوکاڵییەوە بۆ ئابووریی پیشـەسـازیی، بەپێچەوانەوە جگە لەوەی خێڵی کوردی ویسـتی بەیەکەوەژیانی نەبووە، هاوکات کولتورە خێڵەکییەکەشی بەردەوام کاری لەسەر بەجیاژیانی خێڵەکان کردووە، نەك یەکیـان بخـات و بەیەکەوەژیـان دروســـت بکـات. ئەمەش دیســـان دەمـانگێڕێتەوە بۆ جیـاوازی نەتەوەو خێڵ، چونکە جیـاوازی خێڵ و نەتەوە جیـاوازییە لەو هێزەدا، کەبەردەوامی بەبوونیـان دەدات، لەنـاو خێڵـدا هۆیەك هەیە بۆمـانەوەی خێـڵ وەك خێڵ و لەنەتەوەشـــدا هۆیەکی تر هەیە بۆمـانەوەی نەتەوە وەك نەتەوە. هۆی مانەوەی خێڵ خوێن و کـولـتـووری مـیـلـلـیـیە، بەڵام هـۆی مـــانەوەی نەتەوە تەنـهـــا کـولـتـورێـکـی دروســـتکراوە(د.عرفان مســـتەفا، ٢٠١١: ٣٨٤). بۆیە خێڵی کوردی کاری لەســـەر مانەوە لەفۆرمە خێڵایەتییەکەیـدا کردووە نەك بـگۆڕێـت بۆ فۆرمی نەتەوە تـاویســـتی بەیەکەوەژیـان بەرهەم بهێنێت. ئەمەش جـارێکیتر پەیوەســـتە بەجیـاوازی کولتوری کۆمەڵگەی کشـــتوکـاڵییەوە، کەخێڵ بەرهەمی دەهێنێت و کولتوری کۆمەڵگەی پیشەسازیی، کەنەتەوە دروستکەرییەتی، لەبەرئەوەی کولتوری کۆمەڵگەی کشتوکاڵی پەیڕەوی لەفرەیی و جیایی دەکات، بەڵام کولتوری کۆمەڵگەی پیشـــەســـازی پەیڕەوی لەکولتوری یەکبوون و بەیەکەوەژیان دەکات(د.عرفان مســـتەفا، ٢٠١١: ٣٨٥). بۆیەشـــە کورد بەشـداری سـوارەی حەمیدیە دەکات، چونکە تێگەیشـتنەکەی هی کۆمەڵگەی کشـــتوکـاڵییە، کەتەنهـا بەدوای بەرژەوەنـدی خێڵـدا دەگەڕێت، نەك  هۆشـــیـاریی کۆمەڵگەی پیشـەسـازی بێت، کە لەتەنیشـت ویسـتی بەیەکەوەژیاندا، نەتەوەخوازیش بەرهەم بێت، کەهۆشـــیاری نەتەوەیی ببەخشـــێت، لەبەرئەوەی لەبنەڕەتدا نەتەوەخوازیی بەشـــێکی جیـانەکراوەی گۆڕانی کۆمەڵگەیە جیـاوازەکـانە لەکۆمەڵگەی کشـتوکاڵییەوە بۆ کۆمەڵگەی پیشـەسـازیی. چونکە نەتەوەخوازیی ئەو هێزەیە، کە لەناو پرۆســـەی پەرەســـەندنی کۆمەڵگەی پیشـەســـازییدا وەك پێداویســـتییەکی ئەو کۆمەڵگەیە ســـەرهەڵدەدات و کاری ئەوەیە بەکولتورە پیشـــەییەکەی کۆمەڵگەی

پیشـــەســـازیی نەفی هەموو ئەو کولتورە ناوچەییانە بکات، کەکولتوری کۆمەڵگەی کشـتوکاڵین. ئەمەش لەپێناوی ئەوەدا تاجیاوازی کولتوری نەهێڵێت و هەموو ئەندامانی کۆمەڵگە نـاوچەییەکـانی کۆمەڵگە کشـــتوکـاڵییەکە والێبکـات، کەبتوانن بەیەکســـانی ئەو کولتورە پیشـــەییە وەربگرن و لەو کۆت وپێوەندانە دەرباز ببن، کە لەکۆمەڵگە کشـــتوکاڵییەکەدا رێگەی لێدەگرن و فێری کولتورێکی تری جیاواز لەکولتورە ناوچەییەکەی خۆیان ببن(د.عرفان مســـتەفا، ٢٠١١: ٣٦٤). هاوکات خولیای نەتەوەخوازی کورد پێش گەشـــەکردنی دەوڵەتی نەتەوەیی خۆی کەوتووە. هەروەك پێش پرۆســـەی گواســـتنەوە لەرژێمی کشـــتوکاڵیی بۆ رژێمی پیشـــەســـازیی کۆمەڵگەش کەوتووە. بۆیە خولیای نەتەوەخوازی کورد گوزارشـــت لەگۆڕانی کردەیی کۆمەڵایەتی، پەرەســـەندنی ســـەرمایەدارییی، یاخود کۆمەڵگەی مۆدێرن و...تاد، ناکات، بەڵکو بریتییە لەجۆرێـك لەوەڵامـدانەوەی کـاریگەرییەکـانی جیهـانی دەوروبەری، لەو کـارتێکەرانەش بریتی بوون لەریفۆرمەکانی دەوڵەتی عوســـمانی، گەشـــەکردنی نەتەوەخوازی تورکیی، جەنگی کۆڵۆنیالیزم(فالح عبدالجبار، ٢٠٠٦: ٤٧٢-٤٧٣).

هەنـدێ بۆچوونی تر دەرکەوتن و گەڵاڵەبوونی نەتەوەخوازیی و نـاســـیۆنـالیزم پەیوەســـت دەکەن بەبوونی پێشـــوەختی هۆشـــیاری نەتەوەییەوە، هۆشـــیاری نەتەوەییش لەقۆناغێکی دیاریکراوی پێشـکەوتنی سیاسـی و کولتوری و ئابوورییدا سـەرهەڵدەدات، کـاتێکیش هۆشـــیـاری نەتەوەیی لەکۆمەڵگەدا ســـەرهەڵـدەدات دەبێتە یەکێـك لەهۆکارەکانی دەرکەوتنی ناسیۆنالیزم و مەرجە گرنگەکانی دروستبوونی نەتەوە. واتە بەپێی ئەم بۆچوونە هۆشـــیـاری نەتەوەیی پێش مەرجی دروســـتبوونی نەتەوەخوازیی و ناسـیۆنالیزم و نەتەوەشـە واتە تا هۆشـیاری نەبێت نەتەوەخوازی بوونی نابێت. بەڵام دیسـان بەپێی ئەم بۆچوونەش سـەبارەت بەکوردو بەشـداری سـوارەی حەمیدیەو کوشـتاری ئەرمەن گرفت ئامێزە، چونکە کۆمەڵگەی کوردی لەبەرئەوەی کۆمەڵگەیەکی کشتوکاڵی و سیستەمێکی خێڵەکی بووە نەیتوانیوە پێشکەوتنی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی بەخۆوە ببینێت. هۆشـیاری نەتەوەییش ئەو هەسـت و بیرو ئاگایی و شـێوانەی خۆناسـینە، کەکۆمەڵە خەڵکێك لەبارەی بوونی بابەتییانەی خۆی، وەك دیـاردەیەکی تـایبەتمەنـدو بەجیا هەڵکەوتوو لای دروســـت دەبێت و بەرهەمی بێداربوونەوەی نەتەوەیی و ئاڵوگۆڕی ئابووری و کۆمەڵایەتی و کولتوری و پرۆسەی دروستبوونی نەتەوەیە(د.رەفیق سابیر، ٢٠٠٨: ١٥١،١٥٥)

ئەوەی پەیوەندی بەکەمی هۆشـــیاری نەتەوەیی کوردەوە هەیە لەدروســـتکردنی سـوارەی حەمیدیەو بەشـداری کوشـتاری ئەرمەندا ئەوەیە، کە هەندێکیتر دروسـتکردنی

نەتەوەو هۆشـــیاری نەتەوەیی پەیوەســـت دەکەن بەگەشـــەکردنی ناســـیۆنالیزم و بوونی دەوڵەتی نەتەوەییەوە، بەو پێیەی نەتەوەو هۆشـــــیاری نەتەوەیی دوای دامەزراندنی دەوڵەتی نەتەوەیی دروســـت دەبێت و ئەرکی دەوڵەتی نەتەوەییە، نەتەوەکە دروســـت بکات و دواتر هۆشـــــیــاری نەتەوەییش بەرهەم بهێنێـت. هۆکــاری ئەمەش بۆ ئەوە دەگەڕێننەوە، کەناسیۆنالیزم خۆی سیستەمێکی هزرییەو لەسەر بنچینەی بارودۆخێکی بابەتی بوونی گروپێکی ئەتنیکی، نەتەوە، کەزمان و کولتورو مێژوو هەســـتی هاوبەشـــیان هەیە ســـەرهەڵـدەدات بۆئەوەی نرخ و بەرژەوەنـدی نەتەوەکە لەبەرامبەر نرخ و بەرژەوەنـدی نەتەوەیەکی دیکەدا بەرزترو گرنگتر رابگرێت و بەرژەوەندی بەرزی نەتەوەیی لەرێگای سیاسەتێکی نەتەوەیی سەربەخۆوە دابین بکات، دابینکردنی ئەم سیاسەتەش دەخوازێت، کە ئەو چوارچێوە جوگرافییەی نەتەوەکەی تێدا دەژێت کۆنترۆڵ بکرێت واتا دەوڵەتی نەتەوەیی دابمەزرێنێت(د.رەفیق ســـابیر، ٢٠١٤: ٨١-٨٢). جیا لەوەی ناســـیۆنالیزم ڕەوایی و پێناســی خۆی لەزمان و کولتورێکەوە وەردەگرێت، کەکۆمەڵە خەڵکێکی دیاریکراو لەمێژووی خۆیـانـدا هێنـاویـانەتە بەرهەم و بەهۆیەوە توانیویـانە زەمینەی پێکەوەژیـانی هاوبەش دروســـت بکەن و دەخوازێت ماناو ناوەڕۆکێکی ســـیاســـی بەو کولتورە بدات و پێیوایە پێنـاســـی کولتوری تەنهـا لەرێگـای دامەزرانـدنی دەوڵەتی نەتەوەیی، یـان خۆحکومڕانیکردنەوە بەرجەستە بکات(د.رەفیق سابیر، ٢٠٠٨: ٨-٩)، بەڵام گەر بڕوانینە ساتەوەختی بەشداری کورد لەسوارەی حەمیدیەدا تێبینی نائامادەیی هۆشیاری نەتەوەیی دەکەین، چونکە بەپێی ئەم بۆچوونە بێت لەوکاتەدا هۆشـیاری بەرزراگرتنی بەرژەوەندی نەتەوەی کورد لەبەرامبەر نەتەوەی عوســـمانیدا لەپێشـــچاو نەگیراوە، چونکە چەمکی عوسمانیگەرایی یاخود عوسمانیزم چوارچێوەیەك بووە بۆ پێکهێنانی نەتەوەی عوسمانی لەتەواوی گروپە ئەتنیکییەکانی دانیشتووانی ئیمپراتۆرییەتی عوسمانیدا(ئومێد ئووزەر، ٢٠١٥: ١٤٠). بۆیە بیرکردنەوەکە بیرکردنەوەی ناسیۆنالیزم نەبووە، بەڵکو بیرکردنەوەی خێڵ بووە، کەبەرژەوەندی خێڵایەتی بەهەند وەرگرتووە. بۆیە کاتێك نەتەوە بوونی نەبێ بەو تێگەیشـــتنانەی لەپێشـــەوە باســـمانکرد ئەوکاتە ناســـیۆنالیزمیش بوونی نابێت، کەناسیۆنالیزمیش بوونی نەبێت ئەوکاتە شتێك بەناوی هۆشیاری نەتەوەیی بوونی نابێت تا بەشـــداری ســـوارەی حەمیدیەو کوشـــتاری ئەرمەن نەکات، بەڵکو ئەوەی زاڵدەبێت بەرژەوەندی خێڵ و تێگەیشـــتنی خێڵە بۆ پارێزگاریکردن لەمانەوەی خۆی نەك نەتەوە. لەلایەکیتریشـــەوە پەیڕەوکردنی بیری عوســـمانیزم و چەمکی عوســـمانیی بۆهەموو هاوڵاتیانی نەتەوەکان، بەجۆرێ وشـــەی عوســـمانیی هەمەلایەنە بووە بۆهەموو توخم و

میللەتـان بەكـاردەهـات بەمەبەسـتی سـڕكردنی دەمـاری نەتەوەیی و هەسـتی نەتەوەیی(د.عەبدولفەتاح بۆتانی، ٢٠٠٦: ٥٨).

گەر لەروانگەی ئەو دیدو بۆچوونانەشـەوە بڕوانین بەشـداری كورد لەسـوارەی حەمیدیەو كوشـتاری ئەرمەن، كەپێیانوایە ناسیۆنالیزم پشت فاكتەری زمان دەبەستێت، ئەوا بەروانین بۆ كۆمەڵگەی كوردی لەقۆناغە جیاوازەكانی سەرجەمی میرنشینەكاندا بەتایبەت، تێبینی ئەوە دەكەین، كەزمان وەك پێویست یارمەتی گەشـەكردنی هۆشـیاری نەتەوەیی نەداوە بەرەو ناسـیۆنالیزم، چونكە لەبری بەرهەمهێنانی زمانێكی یەكگرتووی كوردی، شێوەزارەكانی دروستكردووە. سەرباری ئەوەی لێكداپچڕاوو یەكگرتوو نەبوون، هاوكات گەشـەكردنی شـێوەزارەكانیش لەسـەردەمی هەر میرنشـینێكدا بەجۆرێ گەشـەیكردووە، كەدەسـەڵاتدارانی عوسـمانی و ئێرانی نەیانهێشـتووە زۆر گەشـە بكات، كەببێتە مایەی بەهێزی كولتوریی، كە لەدەرەوەی سـنوری جوگرافیای میرنشـینەكەدا بچەسـپێ و هۆشـیاری نەتەوەیی دروسـت بكات. بۆنموونە زمانی كوردی لەسـەدەی شـازدە تاناوەڕاسـتی سـەدەی نۆزدە بەسـێ شـێوەزار هەوڵیداوە گەشـە بكات، بەڵام سـەركەوتوو نەبووە، بەجۆرێ لەسـەدەی ١٦ لەسایەی میرنشـینی بۆتاندا شێوەزاری گرمانجی دەركەوت و مەلای جزیری و عەلی هەریری و ئەحمەدی خانی بەو زمانە شیعریان نوسیوە، بەڵام دواتر دەسـەڵاتدارانی عوسـمانی رێگەی گەشـەكردنیان لێگرتووە. بەهەمان شـێوە لەسـەدەی حەڤدەو سـەرەتای سـەدەی هەژدە شێوەزاری گۆرانی لەناوچەیەكی دیكەی كوردستاندا و رۆژهەڵاتی كوردسـتاندا لەسـایەی دەسـەڵاتی میرنشـینی ئەردەڵاندا لەرێگەی شـیعرەوە دەركەوت و مەولەوی و بێسـارانی و خانای قوبادی،...تاد، بەم زمانە ئەدەبییە شـیعریان نووسـیوە، بەڵام دواتر لەسـەرەتای سـەدەی نۆزدە لاواز بووەو ئەو گەشـەكردنە درێژەی نەكێشاوە تایارمەتی گەڵاڵەبوونی هۆشیاری نەتەوەیی بدات. دواجار لەباشووری كوردستان و لەسەردەمی میرنشینی باباندا شێوەزارێكی دیكەی كوردی، كەشاعیرانی وەك نالی و سـالم و كوردی و مەولانا خالیدی شـارەزووری شـیعریان پێنوسـیوە، بەڵام ئەویش دیسـان دەرفەتی گەشـەكردنی بەجۆرێ نەبووە، كەببێتە مایەی دروسـتبوونی هۆشـیاری نەتەوەیی لەفۆرمی ناسـیۆنالیزمدا سـەرباری كاریگەری گەورەو كاراییان لەهەسـتی نەتەوەییدا(د.رەفیق سـابیر، ٢٠٠٨: ٤٠-٤١). لەلایەكیترەوە شـێوەزارە كوردییەكان وادەركەوتون، كەپارێزگاری لەشـوناسـی كوردبوونی خۆیان لەو ئاسـتەدا بكەن، كەبەشـێكی پێكهێنەری زمانی كوردین، نەك ببنە تاكە نوێنەری زمانی كوردی و گەشـە بەخۆیان بدەن تاببنە زمانێكی یەكگرتوو یارمەتی بەرهەمهێنانی هۆشـیاری نەتەوەیی بدەن، سـەرەڕای ئەوەی دەسـەڵاتی سـیاسـی میرنشـینە كوردییەكانیش،

کەشـــێوەزارەکە لەئەدەبیاتی میرنشـــینەکەیاندا ڕەنگیداوەتەوە نەیانویســـتووە شـــێوەزارەکەیان بەرزبکەنەوە بۆئاســـتی زمانی یەکگرتووی کوردیی(د.عرفان مســـتەفا، ٢٠١١: ٥٣٩-٥٤٠)، بەو پێیەی بیرکردنەوە خێڵەکی و هۆزگەرایییەکە بەسەر بیرکردنەوە سـیاسـییەکەشـدا زاڵبووەو کەسـیان نە بەخوایيشـت و نەبەتۆپزی دەسـەڵاتی میرنشـینە کوردییە دراوســێکەی خۆی قبوڵ نەبووە. بەم شــێوەیە کورد بەر لەهەر شـــتێك بەهۆی کولتوری ناوچەیی و زمان(شـێوەزارەکان)یەوە بوونی خۆی وەك دیاردەیەکی ســەربەخۆی ئیتنیکی- کولتوریی پاراســـتووە، ئەمەش هێزێکی دیکەی بەســـیســـتەم و کولتوری خێڵایەتی داوە، گیانی ناوچەگەری و شـێوەزارپەروەریی بەهێزکردووە. بۆیە پرۆسـەیەکی لەمجۆرە زەمینەی مانەوەو چەقین لەناو کولتوری رابردوودا خۆش دەکات و لەهەمانکاتدا دەرفەتی گۆڕانکاری و کارلێکردنی پۆزەتیڤانەی کولتوری و وەرگرتنی شـــتی نوی کەمدەکاتەوە(د.ڕەفیق سابیر، ٢٠٠٨: ٤٢). بۆیە لەدۆخێکی وادا زمان ناتوانێ یارمەتیدەری گەشـــەکردن و گەڵاڵەبوونی هۆشـــیاری نەتەوەیی بێت بەئـاراســـتەی بریـاردان و دەســتنیشـانکردنی بەشـداریکردن یاخود نەکرد لەپرسـێکی هەسـتیاری وەك سـوارەی حەمیدیەو کوشتاری ئەرمەندا.

## تەوەری سێیەم/ کوردو سوارەی حەمیدیە لەروانگەی ئایین و هۆشیاری ئایینییەوە

بەشێکی تر لەو گرفتانەی بەشداری کورد لەدروستکردنی سوارەی حەمیدیەو کوشـــتاری ئەرمەندا پەیوەندی بەخودی ئایین خۆی و دواتر هۆشـــیاری و تێگەیشـــتن و هەژمونی بیرکردنەوەی ئایینییەوە هەیە، چونکە ئەو کارایی و کاریگەرییەی ئایین دروســـتی دەکـات هیچی کەمتر نییە لەکـارایی و کـاریگەری خێـڵ، لەبەرئەوەی ئـاوێتەکردنی ســـوارەی حەمیـدیەو گرێـدانی بەبیری پـان-ئیســـلامیزمەوە، کەخـاڵی جەوهەری ئایدۆلۆجیاکە ســـۆزی ئایینی بوو، گەیاندنی پەیامێکی ئایینی بوو بەوەی جیهـانی ئیســـلامی و دەوڵەتی عوســـمـانی لەبەردەمی مەترســـی داگیرکەرانی بیانیدایە(د.عەبدولفەتاح بۆتانی، ٢٠٠٦: ٥٨)، لەبەرئەوەی بەشـێك لەباکگراوندو پاسـاوی بەشـــداری هەندێ لەخێڵە کوردییەکان ئایینی بوو بەوەی ئەرمەنەکان مەســـیحین، ســەرباری ئەوەی بەشـێکی هۆکاری ئەو کوشـتارەش بەر ئەرمەنەکان خۆیان دەکەوێت، چونکە جگەلەوەی رووســـەکـان هـانیـان دەدان، بەڵام ئەوانیش درێغییـان نەکردووە لەپەلامـاردانی نـاوچە کوردنشـــینەکـانی نزیکیـان یـاخود ئەو ویلایەتـانەی، کەدانیشتووانەکەی هاوبەش بوو لەنێوان کوردو ئەرمەنداو لەبنەڕەتدا ئەرمەنەکان بوونە ئامرازی دەســـتی روســـیا بۆ دەســـتوەردان لەناوچەکانی ئاســـیای بچووك(کۆمیتەی سەربەخۆیی کورد، ٢٠٠٩: ٣٨).

بەهەرحاڵ چەمکی ئایین بۆخۆی چەمکێکی ئاڵۆزەو فرە مانایەو بریتییە لە:"گەردنکەچی و شوێنکەوتەیی و فەرمانبەرداریی، یاخود ناوێکە بۆ گشت ئەوەی مرۆڤ بەهۆیەوە خودای پێدەپەرستێت". یان ئەوەی ئایین واتە"سزاو پاداشت، ئیسلام، پەرستن، فەرمانڕەوایی ، ڕێ و شوێن دانان، یەکتاپەرستیی، لێپێچینەوە، زاڵبوون، دەسەڵاتداریی، گوێڕایەڵی و ملکەچیی"(موسڵیح ئیروانی، ٢٠٠٣: ١٧). هەموو ئەمانە دەشێ مانای ئایین بن. هەربۆیە بیرکردنەوەو تێگەیشتن و هۆشیاری ئایینی سەرەتا لەم پێناسەو ماناو چەمکانەوە بەرهەم دێن و دواتر لەگەڵ پێدراوو بابەتەکانی تر لەژیاندا کارلێك دەکەن و جۆرێك لەبیرکردنەوەو بڕیاردان بەرهەم دەهێنن و مرۆڤ دەکەوێتە ژێر کاریگەری و گوێڕایەڵییانەوە. هەروەك دەکرێ ئایین بریتی بێت لەسیستەمێکی بیروباوەڕو تێڕوانین، کە ڕەفتاری ئەندامانی کۆمەڵگە هەڵدەسوڕێنێ و ئاراستەیان دەکات، هەروەها هەوڵدەدات پێداویستییە مەعنەوییەکانی کۆمەڵگە دەستەبەر بکات. ئەم سیستەمەش پشت بەهێزێکی بەدەرئاسا دەبەستێت. ئیسلامیش وەك ئایینێکی ئاسمانی گەورە ڕەهەندێکی کولتوری هەیەو ناسنامەی تاك و کۆمەڵگە دەستنیشان دەکات و ئاراستەی هزری و بیروباوەڕییان دەکات(موسڵیح ئیروانی، ٢٠٠٣: ٢٤).

ئەوەی لەم توێژینەوەی ئێمەدا گرنگە بریتییە لەسۆسیۆلۆجیای ئایین و ئەو تێگەیشتن و هۆشیارییەی ئایین دروستی دەکات بۆ مرۆڤ، یاخود ئەو ڕۆڵە کۆمەڵایەتییەی ئایین لەسەر بیرکردنەوەو هەست و هۆشی خەڵك جێیدەهێڵێت، چونکە پێکهێنانی سوارەی حەمیدیە لەلایەن خودی سوڵتان عەبدولحەمیدی دووەمەوە ڕاستە پەنابردنی ئەو بوو بۆ ئامرازە کلاسیکییە کۆمەڵایەتی و سەربازییەکان بەتایبەت لەسەر شێوازی تیپە قۆزاقەکان، کەروسیا پێشتر دروستیکردبوون بۆتێکشکاندنی هێرش و پەلاماری نەیارەکانی(م.ڕەسول هاوار، ٢٠٠٠: ٣٩٦-٣٩٧)، بەڵام لەبنەڕەتدا قۆستنەوەی دەرفەتی بەکارهێنانی سۆزی ئایینی و تێگەیشتن و هۆشیاری ئایینی خۆی و کوردو گەلانی مسوڵمانی ژێر سایەی ئیمپراتۆریەتەکەی بوو بەبەرەنگاربوونەوەی مەترسییە ناوەکییەکان، بەتایبەت گەشەکردنی هەستی نەتەوەخوازی ئەرمەنەکان(رسول شمخی جبر، ٢٠١٠: ١٢٣)، بەو پێیەی سوڵتان عەبدولحەمید موخاتەبەی چینێکی هەستیاری کۆمەڵگەی کوردی دەکات، کەخێڵەکانن، واتە ڕەنگە ئەو پرسیارە لێرەدا دروست ببێت بۆچی سوڵتان عەبدولحەمیدی دووەم خێڵ و سەرۆك خێڵەکان دەستنیشان دەکات، کەسوارەی حەمیدیان لێدروست بکات؟ بەدەر لەتوانای مرۆیی و سروشتی شەڕکردنی هۆزەکان و شوێنی جوگرافیاو نیشتەجێبوونی خێڵە کوردییەکان، بەڵام پەیوەندی بەوەوەشەوە هەیە، کەخێڵ و سەرۆك خێڵەکان جگە لەوەی تێڕوانینی خۆیان بۆ

بەرژەوەندی تایبەتی خێڵایەتی خۆیان هەبوو، هاوکات پەیوەندی بەو خاڵەشەوە هەبوو، کە ئەوان خاوەنی هۆشیاری نەتەوەیی نەبوون، هۆشیاری نەتەوەیی بەو مانایەی، کەبەرژەوەندی نەتەوەی کورد بخەنە پێش بەرژەوەندی خێڵایەتی خۆیان و دەوڵەتی عوسمانییەوە. ئێمە لەپێشتردا ئەوەمان روونکردەوە، کەخێڵ توانای بەرهەمهێنانی هۆشیاری نەتەوەیی نییە، چونکە سروشتی پێکهاتنی خێڵ و روانین و تایبەتمەندییەکانی ئەوەی بەسەردا سەپاندووە، هاوکات لەو ساتەوەختە مێژووییەدا کۆمەڵگەی کوردی کۆمەڵگەی خێڵەکان بووە، کەپێشتر کۆمەڵگەی میرنشینەکان بووە، هەمووی نزیکەی پەنجا ساڵێك بووە دوایین میرنشین کۆتاییهاتووە. لەو قۆناغە مێژووییەشدا گۆڕانکاری گەورەی ئابووریی و سیاسیی و کۆمەڵایەتی و فەرهەنگی وا روویندداوە تائاستی کۆمەڵگەی کوردی بباتە ئاستێکی بەرزی تێگەیشتن و هۆشیارییەوەو بگرە بارودۆخی کوردستان لەهەموو بوارێکەوە زۆر خراپ بووە(د.عبدالرؤوف سنو، ١٩٩٨: ١١٦-١١٧). لەهەلومەرجێکی وادا خێڵە کوردییەکان باشترین نێچیری داوی ئەم سۆزو عاتیفە ئاینییەبوون، کەبوونە پارێزەرو پاسەوانی سنوورەکانی دەوڵەتی عوسمانی و بەشێکیان بەشداری کوشتاری ئەرمەنیان کرد.

بۆیە سۆسیۆلۆجیای ئایینی یارمەتیدەر دەبێت لەوەدا، کەبیروباوەڕێکی تایبەت دەبێتە جێی پەسەندی خەڵك و دواجار بڕواهێنانی خەڵك. هەروەك سۆسیۆلۆجیای ئایین بایەخ بەتێگەیشتنی عامەی خەڵك دەدات(موسلیح ئیروانی، ٢٠٠٣: ٤١-٤٢). لەم روانگەشەوە سوڵتان عەبدولحەمیدی دووەم کاتێك بایەخی بەبڵاوکردنەوەی بیری پان-ئیسلامیزم دا لەو خاڵەوە بووە، کە وەك بەشێك لەبیرکردنەوەی ئایینی بوو بۆ عامەی مسوڵمانانی دەوڵەتەکە، کەئەرك و پابەندبوونێکی ئایینیانە فەرز دەکات بەسەر نەتەوە مسوڵمانەکانی ژێر سایەی دەوڵەتی عوسمانی، کەبەرگریکردن لەو قەوارەیە وەك بەرگری لەقەوارەیەکی ئایینی بزانن، لەبەرئەوەی بیری پان-ئیسلامیزم گوزارشتی لەهۆشیارییەکی ئایینی دەکرد لەبەرامبەر ئەو مەترسیانەی روویکردبووە دەوڵەتی عوسمانی وەك دەوڵەتێکی ئیسلامیی(عبداللطیف مشرف، ٢٠٢٢: ٥-٦). نەتەوە سەردەستەکانی ناو ئەو دەوڵەتانەی کوردیان تێدا ژیاوە زۆرجار چەمکی برایەتی ئیسلامییان پەرەپێدەداو چەمکی گوێڕایەڵی و شوێنکەوتنیان وەك ئامرازێك بەکاردەهێنا، بەوپێیەی هەر بیرکردنەوەیەك لەدەرەوەی ئەو برایەتییە ئایینییە بەدژە ئایین لێکدراوەتەوە، لەکاتێکدا خۆیان نەتەوەی سەردەست بوون(د.عەبدولفەتاح بۆتانی، ٢٠٠٦: ٥٩). زۆرجار نەتەوە سەردەستەکان لەژێر کاریگەری تێگەیشتنی ئایینی و برایەتی

ئیسلامی و هاوئایینیدا شەڕی نەتەوەکانی بالکان و ئەرمەنیان بەکورد کردووە(د.رەفیق سابیر، ٢٠٠٨: ١٣٤).

بەشـــێکی تری کارایی و کاریگەری بیرکردنەوەو تێگەیشـــتنی ئایینی پەیوەندی بەدۆخی کوردەوە هەبوو، بەجۆرێ تاســـەرەتاکانی ســـەدەی بیســـتەم رەعیەت و دەســـتەبژێری ســـەربازی و بیرۆکراســـیی عوســـمانی بوون، کەجۆرێك لەئیتنیکی (ئەرســـتۆکراتی-ئاســـۆیی)یان پێکهێنابوو، بەشـــێوەیەك زمانی عوســـمانی و جۆرێك لەدەوڵەتگەرایی لەئیسلامی سوننی و بەتایبەت گیانی عوسمانیزم یەکیخستبوون(مارتن فان برونســـن، ٢٠١٥: ٥٣). ســـەختە بەئاســـانی باس لەوە بکەین، کەبۆچی هەم چەمك و بیری عوسمانیزم و هەم بیرکردنەوەی ئایینی و ئیسلامی لەژێر سایەی دەوڵەتی عوسمانی بەسەر کورددا زاڵبووە بەگشتی و بەتایبەتیش لەمەسەلەی سوارەی حەمیدیەو دامەزراندنی قوتابخانەی خێڵەکان و بیری پان-ئیســـلامیزمدا، چونکە هۆکارێکی تر میژووکردە، لەبەرئەوەی هەژموونی دەســـەڵاتی کولتوری ســـیاســـی و ئایینی ئەو دەوڵەتە بەســـەر کوردو کوردســـتاندا لەجەنگی چاڵدێرانەوە لەســـاڵی ١٥١٤ تاکۆتایی ســـەدەی نۆزدە نزیکەی (٤٠٠) چوار ســـەد ســـاڵ بووە، ئەم کاریگەرییەش لەڕووی هەســـتی ئایینی و هەســـتی مەزهەبگەراییشـــەوە کەم نەبووە، چونکە ململانێی عوســـمانی-ســـەفەوی لەکوردســـتان و کاریگەری لەســـەر ناوچە کوردنشـــینەکان تەنها ململانێیەکی ســـیاســـی و ئابووریی نەبووە، هێندەی ئەوەی ململانێی مەزهەبی بووە لەنێوان هەردوو ئایینزایی سوننەو شیعەداو و ڕۆڵی هەبووە لەرێگرتن و کۆســـــپ دانـــان لەبەردەم گەشـــــەکردن و دواکەوتنی بڵاوبوونەوەی هەســـتی نەتەوەییدا(د.عەبدولفەتاح بۆتانی، ٢٠٠٦: ٥٦). هاوکات ســـەختە وا خەیاڵ بکەین، کەدامەزراوەی ناوەندی ئایینی (ئیدی پلەی ناوەندییەکەی هەرچەند بێت) بەبێ دیســـــکۆرســـــێکی تۆتالیتاریی و بەبێ تەرکیزکردن لەســـــەر رەگەزی تۆتالیتاری لەباوەڕی ئایینیدا، بەدیاریکراویش لەئایینی ئیسلامدا، کەئاراستەی هەموو مسـوڵمانان کراوەو هەموو مرۆڤێـــك وەك بەنـــدەی پەروەردگـــارەکەی. بۆیە بەبێ تەرکیزکردنی ســـیاســـیی لەســـەر نموونەی ئەو تۆتالیتارییەتە، شـــەرعییەتی فەرمانڕەوایی عوســـمانی و قاجارەکان لەپێشـــچاوی هەموو رەعیەتە مســـوڵمانەکان وەك تۆز بەحەوایا دەچوو. وەك (بینديکت ئەندرســـۆن) گوزارشـــتی لێدەکات، کە"هەموو گروپە کلاســـیکییە مەزنەکان خۆیان بەناوەندی گەردون داناوە بەهۆی بوونی زمانێکی پیرۆز، کەپەیوەندی بەسیســـتەمی دەســـەڵاتێکی ســـەروو مرۆڤەوە هەیە"(فالح عبدالجبار، ٢٠٠٦: ٤٦٨). ئەوەی تایبەت بوو بەمیرنشـــینە کوردییەکانیش تابەر لەجێبەجێکردنی دەســـەڵاتی ناوەندێتی نیمچە ســـەربەخۆییەکیان هەبوو لەبەرامبەر ئینتیماو خزمەتیان بەدەوڵەتی عوســـمانی و

دەســـەڵاتدارانی ئەو میرنشـــینانە بەردەوام جەختیان لەســـەر شـــوناســـی ئایینی خۆیان کردۆتەوە(هاکان ئوزۆغڵو، ٢٠١٥، ٢٣١).

گرفتێکی تری پەیوەندی نێوان هۆشـــیاری نەتەوەیی و ناســـیۆنالیزم و ئایین پەیوەندی بەو دیســـکۆرســـە گەردوونیەوە هەیە، کەئایین و ئیسـلام بەتایبەت خاوەنیەتی، بەجۆرێ ئیســـلام دەخوازێـت چەمکی نەتەوە بەمـانـای ئوممەت بونیـات بنێـت، بەڵام دیســـکۆرســـی نەتەوەخوازی و ناســـیۆنالیزم دەیەوێت چەمکی نەتەوە لەچوارچێوەیەکی بچووکتر لەچەمکی ئوممەت دروســـــت بکـات، ئەو رایەڵەی ئەنـدامـانی تـاکەکـانی ئوممەت بەیەکەوە دەبەســتێت رایەڵەی ئایینی و برایەتی ئایینییە، بەڵام هی ناســـیۆنالیزم ئینتیمـای نەتەوەیی و ئیتنیکییە، کەدەبێ هەموو ئەنـدامـانی تـاکەکـانی ئەو نەتەوەیە ســـەر بەیەك گروپی ئیتنیك و نەتەوە بن. لەناســـیۆنالیزمدا قەوارەی بچووکتر لەنەتەوە فەرامۆشدەکرێن، بەڵام لەئاییندا دان بەقەوارەی بچووکتری وەك خێڵ و هۆزیشدا دەنرێت، ســـەرباری ئەوەی دیســـکۆرســـە ئایینییەکە خوازیاری هێنانەئارای ئوممەتێکی فرە خێڵ و نەتەوەشـە. بۆیە گرفتی بونیادی لەنێوان چەمکی ناسـیۆنالیزم و ئاییندا هەیە، بەتایبەت ئیســـلام، چونکە ئامانج و رێنماییەکانی ســـەروو نەتەوەیین و تایبەت نین بەچوارچێوەی نەتەوەو دەوڵەتێکەوە(ئیروانی، ٢٠٠٣: ٥٩،٤٧). هەربۆیە ســـوڵتـان عەبـدولحەمیـدی دووەم بایەخی دا بەبیری پان-ئیسـلامیزم، چونکە ویسـتی دیسـکۆرسـی تۆتالیتاریزمی ئایینی وەك ئـــامرازی بەرگری لەئینتیمـــای ســـــەروونەتەوەیی بەکـاربهێنێـت دژی خولیـــای نەتەوەخوازیی، لەبەرئەوەی تۆتـالیتـاریزمی ئـایینی لەبنەڕەتـدا بۆ بـانـگەشــــەو بیردۆزی بونیاتنانی ئوممەتی ئیسلامیی پشتی پێدەبەسترێت(فالح عبدالجبار، ٢٠٠٦، ٤٧١). هەروەك پەیوەندی نێوان ئایین و هۆشـــیاری نەتەوەیی پەیوەندییەکی ئاڵۆزە، چونکە ئایین تەنها ئیمان و باوەڕ نییە، بەڵکو کولتوریشـە. بۆیە ئایین وەك رەگەزێکی کولتوری دەشـێت لەهەندێ قۆناغی مێژوویی و بارودۆخی تایبەتیدا رۆڵێکی دیارو پێشـەنگ لەدروسـتکردن و پێشـخسـتنی هۆشـیاری نەتەوەییدا بگێڕێت و وەك شـێوازێکی زاڵی کۆمەڵایەتی یان وەك توخمێکی سەرەکی ئایدۆلۆجیای خەباتی رزگاریخوازی خۆی دەربخات. سەرهەڵدانی هۆشـــیاری نەتەوەییش لەهەر کۆمەڵگەیەکدا پەیوەندی بەبێداربوونەوەی نەتەوەیی و سـەرەتای ئاڵوگۆڕی ئابووری و کۆمەڵایەتی و کولتوری و پرۆسـەی دروسـتبوونی نەتەوەوە هەیە(د.رەفیق سـابیر، ٢٠٠٨: ١٥٢،١٥٥). راسـتە ئێمە پێش دروسـتبوونی سـوارەی حەمیدیەو دروستکردنی قوتابخانەی خێڵەکان و پەیڕەوکردنی بیری پان-ئیسلامیزم شۆڕشی شێخ عوبەیدوڵای نەهریمان هەیەو شـۆڕشـەکە خاوەنی دیسـکۆرسـێکی نەتەوەیی و خۆیشـی سیمبوڵێکی کاریگەری نەتەوەیی و ئایینی ئەو قۆناغە مێژووییە بووەو خاوەنی هۆشیاری

ئایینی بووە، بەڵام بەبڕوای ئێمە گرفتەکە ئەوەیە دیسکۆرسە ئایینیەکەی شۆڕشەکەی شـــێخ عوبەیدوڵا دیســـــکۆرســـی ئایینی نەتەوەیەکی ژێردەســـــتەی کاتێکی مێژوویی کورتخایەنی دیاریکراو بووە، لەکاتێکدا دیســـــکۆرســـی ئایینی دەوڵەتی عوســـمانی و قاجار دیسکۆرسی ئایینی درێژخایەنی نەتەوەی سەردەست و دەوڵەتی فەرمانڕەوا بوون، کە ئەگەر تەنها تەمەنی دیســـکۆرســـی ئایینی عوســـمانی هەژمار بکەین، تێبینی دەکەین دیســـکۆرســـێکی ئایینی چوارســـەد ســـاڵە بووەو لەهەندێ باردا لادان لەو دیســـکۆرســـە ئایینیەو تێپەڕاندنی ڕێگەپێدراو نەبووەو بەلادان لەدەسـەڵاتێکی ئیسلامیی لەقەڵەمدراوە. بۆیە لەم دۆخەدا ئەم دیســـکۆرســـە ئایینیەی شـــێخ عوبەیدوڵا توانای ڕکابەریی نەبووە لەدروســتکردنی تێگەیشــتن و هۆشــیاری نەتەوەییدا لەگەڵ دیســکۆرســە ئایینیەکەی دەوڵەتی عوســـــمانیدا، ســـــەرباری هەژموون و زاڵێتی بیرکردنەوەو بەرژەوەندی خێڵ و وابەســتەیی ئایینی بەدەوڵەتی عوســمانییەوە. بەبڕوای ئێمە خەتاکە لەئایینی ئیســلامەوە نەبووە لەو قۆنــاغە مێژووییەدا هێنــدەی پەیوەنــدی بەرارایی و یەکلایینەبوونەوەی دەســـــتەبژێری ڕوونــاکبیری کوردیشـــــەوە هەبووە، بەجۆرێ لەو قۆنــاغە هەســـــتیــارەدا کەدەســـــتەبژێری نەتەوەکانی ژێرســـــایەی دەوڵەتی عوســـــمانی ســـــەرقاڵی مشـــــتومڕی گەلاڵەکردنی بیرو هزری نەژادی و نەتەوەیی بوون و هەنــدێکیــان ســـــەربەخۆییــان بەدەســتهێنابوو یان لەخەباتدا بوون، کەچی کوردو بەشــێك لەدەســتەبژێری ناو دەوڵەتی عوســـــمانی خۆیان یەکلایی نەکردبۆوەو هێشـــــتا دڵســـــۆزی خۆیان بۆمانەوەی دەوڵەتی عوســـــمــانی دووپــات دەکردەوە. کەســـــێــك وەك (د.عەبــدوڵا جەودەت) بــانگەشـــــەی نەتەوەخوازانەی بۆ وەفاداری هاوڵاتیانی عوســـــمانی دەکرد لەگەڵ پاراســـــتنی قەوارەی سیاسـی دەوڵەتدا بوون تائەوەی سـەرقاڵی گەلاڵەکردنی ڕێبازێکی نەتەوەخوازانە بێت بۆ کورد، کەچی لەهەمـانکــاتــدا خەریکی نوســـــین بوو بۆ ڕۆژنــامەی (کوردســـــتــان)، کەبنەمـاڵەی بەدرخـانییەکـان لەو قۆنـاغەدا لەقاهیرە دەریـان دەکرد(ئومێد ئووزەر، ٢٠١٥، ١٣٧). بیروڕاش وایە عەبـدوڵا جەودەت یەکێـك لەدامەزرێنەرانی کۆمەڵەی (ئیتیحـادو تەرەقی) بێت لەگەڵ هەریەکە لە(ئیســـحاق ســـکوتی دیاربەکری و ئیبراهیم تیمۆی ئەلبانی و محەمەد ڕەشـــید چەرکەســـی)، کە ناوبراو زیاتر جەختی لەجێبەجێکردنی دەســتور دەکردەوەو دژی شــێوازی فەرمانڕەواییکردنی ســوڵتان عەبدولحەمیدی دووەم بوو. خوازیاری ئەوە بوو دەوڵەتی عوســمانی بگۆڕن بۆدەوڵەتێکی فیدراڵی و هەموو نەتەوەکان بەشـداربن لەبەڕێوەبردنیدا(سـەلام عەبدولکەریم، ٢٠٠٧، ٧٦،٧٤). لەکاتێکدا دەسـتبەژێری تورك سـەرباری پابەندبوونیان بەئایینی ئیسلامەوە، کەچی بەدوای ئەلتەرناتیڤدا دەگەڕان تا جێگای بیری عوســـمانیزم و ئیســـلام بگرێتەوە، چونکە لەهەســـتیاری قۆناغە

مێژووییەکەو حەتمیەتی هاتنەئارای گۆڕانکاری تێگەیشتبوون. کەسێکی وەك میزانجی موراد وەك یەکێك لەئەندامە سەرەکییەکانی کۆمەڵەی تورکە لاوەکان لەدەرەوەی عوسمانیزم و ئیسلام داکۆکی لەشوناسی تورکبوون دەکرد، ئەو ئاگادار بوو چیتر فاکتەری یەکێتی مسوڵمانانی ئیمپراتۆرییەت نەماوە، کەچی بەپێچەوانەوە عەبدوڵا جەودەت یەکێتی ئیسلامیی ناو دەوڵەتی عوسمانیی وەك ئامرازی یەکڕیزی خەڵك دەبینی و خوازیاری برایەتی ئیسلامیی بووە تەنها ناکۆکی لەگەڵ سروشتی دەسەڵاتی عەبدولحەمیددا بوو(ئومێد ئووزەر، ٢٠١٥، ١٣٧). بۆیە لێرەدا تێدەگەین، کەئایین و بیرکردنەوەی ئایینی چەند کاریگەری لەسەر بەشداری کورد لەدروستکردنی سوارەی حەمیدیەو کوشتاری ئەرمەندا کردووە، چونکە تێگەیشتن و هۆشیارییە ئایینییەکەشمان لاواز بووە لەو قۆناغە مێژووییەدا، بەجۆرێ یارمەتیدەری بەرهەمهێنانی هۆشیاریی نەتەوەیی بووایە. بۆیە پەیوەندییەکی قوڵ لەنێوان ئایین و خێڵ و ناسیۆنالیزمدا هەیە بەتایبەت لەمەسەلەی سوارەی حەمیدیەو بەشداری کورد تێیدا.

**ئەنجام**

لەم توێژینەوەیەدا گەیشتین بەم ئەنجامانەی خوارەوە:

١. دروستکردنی سوارەی حەمیدیەو بەشداریکردنی کورد تیایدا بەشێك لەسیاسەتی سوڵتان عەبدولحەمیدی دووەم بوو لەکۆتایی سەدەی نۆزدە بەمەبەستی بەرەنگاربوونەوەی مەترسی جوڵانەوەی سەربەخۆخوازی ئەرمەنەکان، کەروسیا هانی دەدان.

٢. راستەوخۆ دوای دروستکردنی سوارەی حەمیدیە قوتابخانەی خێڵەکانیش لەئەستەنبوڵ دروستکراوەو لەلایەن خودی سوڵتان عەبدولحەمیدی دووەمەوە سەرپەشتیکراوەو تایبەت بووە بەمناڵانی سەرۆك خێڵە کوردەکان و عەرەب و هەندێ نەتەوەی تر. ئەمەش درێژکراوەی سیاسەتەکان عەبدولحەمید بووە بەمەبەستی بەدەستهێنانی دۆستایەتی خێڵەکان و سودلێوەرگرتنیان لەخزمەتی دەوڵەتی عوسمانیدا.

٣. پەیڕەوکردنی بیری پان-ئیسلامیزم ئامانج لێی لەلایەك بەگژاچوونەوەی ئەو مەترسیانە بوو، کە وڵاتانی ئەورووپاو زلهێز لەسەر دەوڵەتی عوسمانی دروستیان کردبوو، سوڵتان عەبدوحەمیدی دووەم دەیویست ئەم رایەڵە ئایینییە وەك بەربەستێکی هزری و هۆشیاری بۆ پاراستنی دەوڵەتی عوسمانی بەکاربێنێت، بەڵام لەلایەکیترەوە بیری پان-ئیسلامیزم ئامانج لێی سستکردنی هەست و هۆشی نەتەوەیی کورد بوو

لەرێگەی پابەندی ئایینی و جەختکردنەوە لەئینتیما ئایینییەکان و دوورکەوتنەوە لەئینتیما نەتەوەییەکان.

٤. کاریگەری خێڵ و بەرژەوەندی و بیرکردنەوەی خێڵ رۆڵێکی سەرەکی لەبەشداری کورد لەسوارەی حەمیدیەو کوشتاری ئەرمەندا کردووە، ئەوەش رەنگدانەوەی سیستەمی خێڵایەتی و کۆمەڵگەی کشتوکاڵی و دواکەوتنی دۆخی ئابووری و کۆمەڵایەتی کورد بووە لەو قۆناغەدا. سەرباری ئەوەی ئەرمەنەکانیش دەستەوسان نەبوون لەهێرش و پەلامار بۆسەر گوندنیشینە کوردییەکان و کوشتوبڕیان.

٥. هەژموونی دیسکۆرسی ئایینی دەوڵەتی عوسمانی و چەمکی برایەتی ئیسلامی لەژێر سایەی چەمکی عوسمانیزمداو لاوازی هۆشیاری ئایینی کاریگەری گەورەی لەسەر گوێڕایەڵی و پابەندی بەشی زۆری خێڵەکانی کورد بەسیاسەتەکانی سوڵتان عەبدولحەمیدی دووەمەوە هەبووە بەتایبەت لەدروستکردنی سوارەی حەمیدیەدا.

٦. لاوازی هۆشیاری نەتەوەیی کورد بەهۆی دواکەوتووی بارودۆخی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی کوردستان رۆڵی بەدیمەنی هەبوو لەوەدا، کە کورد لەبری گەلاڵەکردنی هەست و هۆشیاری نەتەوەیی خۆی وەك گەلانی تری ژێر سایەی دەوڵەتی عوسمانی، سەرقاڵی پاراستنی قەوارەی سیاسی دەوڵەتی عوسمانی بێت لەچوارچێوەی تیپەکانی سوارەی حەمیدیەدا.

٧. لاوازی و نەبوونی هۆشیاری نەتەوەیی کورد پەیوەندی بەسروشتی خێڵ و چەمکی ناسیۆنالیزم خۆیانەوە هەیە، بەجۆرێ تێڕوانین و دونیابینی خێڵ بەرتەسکەو هەرچی ناسیۆنالیزمیشە بەدیدی زۆر لەو بیرمەندانەی بایەخیان بەناسیۆنالیزمداوە بەرهەمی ئاڵوگۆڕی ئابووری و کۆمەڵگەی پیشەسازی و مۆدێرنەیە، کەکوردستان ئەمانەی بەخۆوە نەدیوە. جگەلەوەی هەندێکیتر بۆچوونیان وایە نەتەوەخوازی بەرهەمی بوونی نەتەوەو دەوڵەتی نەتەوەییە لەتەنیشت کاریگەری زمان وەك ئامرازێکی کولتوری بۆ یەکخستنی سیاسی و کولتوری کورد.

## سەرچاوەکان

### یەکەم- بەزمانی عەرەبی:

ئەلف- کتێب:


١. أرسلان، حميد بوز: العصبية والسياسة الكردية من منظور اجتماعى- تاريخى من كتاب فالح عبدالجبار وهشام داود:(الاثنية والدولة، الاكراد فى العراق وايران وتركيا)، ت.(عبدالله النعيمى)، ط١، الفرات للنشر والتوزيع، بغداد-بيروت، ٢٠٠٦.

٢. توفيق، هوكر طاهر: الكورد والمسألة الارمنية(١٨٧٧-١٩٢٠)، ط١، دار ئاراس للطباعة والنشر، اربيل، ٢٠١٤.

٣. الجندى، د.خالد عبدالقادر: الاقليات الدينية فى الدولة العثمانية، المسيحية، اليهودية، الارمنية، ط١، (puplishing house (IKSAD، انقرة- ٢٠٢٠.

٤. الجهمانى، يوسف ابراهيم: تركيا الارمن، ط١، دار حوران للطباعة والنشر والتورزيع، دمشق، ٢٠٠١.

٥. روغان، يوجين: مدرسة العشائر فى اسطنبول، ت(د.نهارى محمد نورى)، ط١، دار الوراق للنشر، بيروت، ٢٠١٤.

٦. زاخويى، ماجد محمد يونس: الفرسان الحميدية(١٨٩١-١٩٢٣)، ط١، مطبعة(خانى)، دهوك، ٢٠٠٨.

٧. سنو، د.عبدالرؤوف: النزعات الكيانية الاسلامية فى الدولة العثمانية، بلاد الشام، الحجاز، كردستان، البانيا)، ط١، بيسان للنشر والتوزيع، بيروت، ١٩٩٨.

٨. طقوش، أ.د.محمد سهيل: تاريخ العثمانيين من قيام الدولة الى الانقلاب على الخلافة، ط٢، دارالنفائس للطباعة والنشر والتوزيع، بيروت، ٢٠١٣.

٩. عبدالجبار، فالح: القومية العربية بأزاء القومية الكردية، تأملات فى التماثلات والتباينات البنوية، من كتاب الاثنية والدولة، الاكراد في العراق وتركيا وايران، ت (عبد الاله النعيمي)، ط١، الفرات للنشر والتوزيع، بيروت، معهد الدراسات الاستراتيجية، ٢٠٠٦.

١٠. عماره، د.محمد: الجامعة الاسلامية والفكرة القومية، نموذج مصطفى كامل، ط١، دارالشروق، بيروت، ١٩٩٤.

١١. عيسى، حامد محمود: القضية الكردية فى تركيا، ط١، مكتبة مدبولى، القاهرة، ٢٠٠٢.

١٢. فان برونسن، مارتن: طريق الكرد الى بناء الامة من كتاب فالح عبدالجبار وهشام داود:(الاثنية والدولة، الاكراد فى العراق وايران وتركيا)، ت.(عبدالله النعيمى)، ط١، الفرات للنشر والتوزيع، بغداد-بيروت، ٢٠٠٦ .

١٣. لازاريف، م.س، واخرون: الحركة الكوردية فى العصـــر الحديث، ط٢، مطبعة(خانى)، دهوك، ٢٠١٢.

١٤. مانتران، روبير: تاريخ الدولة العثمانية، ت.(بشير السباعى)، ج٢، ط١، دار الفكر للدراسات والنشر والتوزيع، القاهرة، ١٩٩٣.

١٥. مشرف، عبداللطيف: مفهوم الجامعة الاسلامية بين فى الفكر السياسى، قراءة مقارنة، ط١، المعهد المصرى للدراسات، فبراير ٢٠٢٢.

## بێ- ماستەرنامەو تێزی دكتۆرا:

١. رحمانى، فاطمة زهراء: الجامعة الاســلامية بين الســيد جمال الدين الافغانى وســلطان عبدالحميد الثانى اواخر قرن ١٩ ومطلع القرن ٢٠، رســالة ماجســتير، قســم العلوم الانســانية، كلية العلوم الانســانية والاجتماعية، جامعة يحى فارس بالمدية، الجزائر، ٢٠١٥.

## جيم- گۆڤار

١. بوطيبان، أ.منال ماجد احمد الماجد: السلطان عبدالحميد الثانى بين السندان والمطرقة، مجلة الدراسات التربوية والانسانية بجامعة دمنهور، المجلد الحادى عشر، العدد(١)، ٢٠١٩.

٢. جبر، رســول شــمخى: الازمة الارمنية وموقف بريطانيا ١٨٧٦-١٨٩٧، مجلة اداب البصــرة، المجلد الاول، العدد(٥٤)، ٢٠١٠.

٣. الحربى، امل بنت احمد هنيدى: المســالة الارمنية فى عهد الســلطان عبدالحميد الثانى والموقف الدولى منها، المجلة الدولية لنشــر الدراســات العلمية، المجلد الثامن، العدد(الثالث)، ٢٠٢١.

٤. شــكاكى، عبدالله: المسـألة الارمنية والجينوسـايد، مجلة(وطن شـمس)، ج٢، دار شـلير، قامشلو، مركز فرات للدراسات، ٢٠١٧.

٥. الشمرى، أ.م.د.احمد جاسم ابراهيم، وأ.م.د.يونس عباس نعمة الياسرى: القضية الارمنية فى الدولة العثمانية (١٨٧٨-١٩٢٣) دراســة تأريخية، مجلة مركز بابل للدراســات الانســانية، المجلد ١٠، العدد(١)، ٢٠٢٠.

٦. ظاهر، د.مشــعل مفرح: الارمن فى عهد الســلطان عبدالحميد الثانى(١٨٧٦-١٩٠٨)، مجلة جامعة زى قار، العدد(٥)، ٢٠١٠.

٧. المحلاوى، رميســاء طارق محروس، واخرون: الارمن وعبدالحميد الثانى ١٨٧٦-١٩٠٩، المجلة العلمية بكلية الاداب، ع(٤٥)، ٢٠٢١.

٨. محمود، حامد ظاهر، وأ.م.د.قحطان احمد فرهود: حركة عام ١٨٨٠ وســير احداثها ودور الشيخ عبيدالله النهرى فيها، مجلة اكليل للدراسات الانسانية، العدد الرابع عشر، حزيران ٢٠٢٣.

٩. مســـير، أ.د.كريم طلال، ود.نجلاء عدنان حســـين: موقف الولايات المتحدة الامريكية من القضـية الارمنية حتى عام ١٩٣٩، مجلة كلية التربية الاســاسـية، المجلد(٢٥)، العدد(١٠٥)، ٢٠١٩.

١٠. نجم، نور ابراهيم، وأ.م.د.قحطان احمد فرهود: مدرســة العشــائر في اســتانبول (١٨٩٢- ١٩٠٧) دراسة وثائقية، الجزء الاول، مجلة(ديالى) للبحوث الانسانية، المجلد١، العدد(٩١)، ٢٠٢٢.

## دووەم- بەزمانی کوردی:

### ئەلف- کتێب:

١. بۆتانی، د.عەبدولفەتاح عەلی: ســـەرەتاکانی هەســـتی نەتەوایەتی کورد لەمێژووی نوێدا، و(سەلاح عومەر)، چ١، چاپخانەی(منارە)، هەولێر، ٢٠٠٦.

٢. جەلیل، جەلیلی: هەندێ ســـیمای ژیانی کۆمەلایەتی و ســـیاســـی و کولتووریی کورد لەکۆتایی ســـەدەی نۆزدەیەم و ســـەرەتای ســـەدەی بیســـتەمدا، و.(ئەنوەر قادر)، چ٢، چاپخانەی(کارۆ)، سلێمانی، ٢٠٠٦.

٣. چەتۆێێف، خالید موراد: مێژووی پێوەندییەکانی ڕووسیاو کورد، لێکۆڵینەوەو بەڵگەنامە، و.(د.نەجاتی عەبدوڵا)، چ١، چاپخانەی(شڤان)، سلێمانی، ٢٠٠٧.

٤. دووهەم، ســـوڵتان عەبدولحەمیدی: یادەوەرییە ســـیاســـییەکانم، و(ئاوات ئەحمەد)، چ١، چاپخانەی دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی، ٢٠١٠.

٥. زوچەر، ئێریك جەی: مێژووی هاوچەرخی تورکیا، و.(پ.ی.د.یاســـین ســـەردەشـــتی)، چ١، چاپخانەی(سیما)، سلێمانی، ٢٠٠٩.

٦. سابیر، د.ڕەفیق: کولتورو ناسیۆنالیزم، چ٣، چاپخانەی(تیشك)، سلێمانی، ٢٠٠٨.

٧. سابیر، د.ڕەفیق: ئیمپراتۆریای لم، لەبارەی ئیسلام، خێڵ، ناسیۆنالیزم، چ٣، چاپخانەی(تاران)، ٢٠١٤.

٨. عەبدولکەریم، ســەلام: مێژووی پەرەســەندن و پێکهاتنی بیری تۆرانیزم، چ١، بێ چاپخانە، سلێمانی، ٢٠٠٧.

٩. عەلیاوەیی، د.عەبدوڵا: کوردســتان لەســەردەمی دەوڵەتی عوســمانیدا، لەناوەڕاســتی ســەدەی نۆزدەهەمەوە تاجەنگی یەکەمی جیهان، لێکۆڵینەوەیەکە لەبواری مێژوویی ســـیاســـیدا، چ٢، خانەی چاپ و بڵاوکردنەوەی(ئاوێر)، هەولێر، ٢٠٠٤.

١٠. قاسملو، د.عبدالرحمن: کوردستان و کورد، چ٢، چاپخانەی(منارە)، هەولێر ٢٠٠٦.

١١. قەرەداخی، عەتا: گوتاری ناسیۆنالیزمی کوردی، چ١، چاپخانەی(ڕەنج)، سلێمانی، ٢٠٠٧.

١٢. کورد، کۆمیتەی سەربەخۆیی: کوردستان یا ئەرمەنستان، شەهیدەکان یا ملهوڕەکان، و.(د.نەجاتی عەبدوڵا)، چ١، چاپخانەی(شڤان)، سلێمانی، ٢٠٠٩.

١٣. لۆراســـداغی، و بیرین کوینجو: ســـەبارەت بەپرســـی ئیســـلامو نەتەوەخوازیی لەتورکیا، سەرچاوەکانو دیسکۆرسەکان، لەکتێبی: ئایشە قازی ئۆغلوو فوئاد کەیمەن: دژایەتییە

هاوژییەکان، ناسیۆنالیزمە دژەکانی ناو تورکیا، و.لەئینگلیزییەوە (ئازاد حاجی ئاقایی)، چ١، دەزگای رۆشنبیریی جەمال عیرفان، سلێمانی، ٢٠١٥.
١٤. مستەفا، د.عرفان: بوونی نەتەوەیی کورد لەنێوان فەلسەفەو سۆسیۆپۆلەتیکدا، چ١، چاپخانەی(رەنج)، سلێمانی، ٢٠١١.
١٥. نووسەر، کۆمەڵێ: کوشت و بڕی ئەرمەنییەکان، و.(بەرزانی مەلا تەها)، چ١، چاپخانەی(سایە)، سلێمانی، ٢٠٠٩.
١٦. هاوار، م. رەسول: کوردو باکووری کوردستان لەسەرەتای مێژووەوە تاشەڕی دووەمی جیهان، ب١، چ١، چاپخانەی(خاك)، سلێمانی، ٢٠٠٠.
١٧. ئوزوغڵو، هاکان: ئاخۆ نەتەوەخوازی کورد ناوکی هەیە؟ لەکتێبی: ئایشە قازی ئۆغلوو فوئاد کەیمەن: دژایەتییە هاوژییەکان، ناسیۆنالیزمە دژەکانی ناو تورکیا، و.لەئینگلیزییەوە (ئازاد حاجی ئاقایی)، چ١، دەزگای رۆشنبیریی جەمال عیرفان، سلێمانی، ٢٠١٥.
١٨. ئووزەر، ئومێد: ڕەچەڵەکناسی نەتەوەخوازی تورك، لەنەتەوەخوازی مەدەنی و ئەتنیکی بەرەو نەتەوەخوازی پارێزگارانە لەتورکیا، لەکتێبی: ئایشە قازی ئۆغلوو فوئاد کەیمەن: دژایەتییە هاوژییەکان، ناسیۆنالیزمە دژەکانی ناو تورکیا، و.لەئینگلیزییەوە (ئازاد حاجی ئاقایی)، چ١، دەزگای رۆشنبیریی جەمال عیرفان، سلێمانی، ٢٠١٥.
١٩. ئیرانی، موسڵیح: ئیسلام و ناسیۆنالیزم لەکوردستاندا، سەرەتای لەبارەی کۆمەلناسیی ئایینەوە، چ١، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، هەولێر، ٢٠٠٣.

**ب- گۆڤار**

١. خصباك، د.شاکر: عەرەبی بەدوو شوانکارەی کورد، بەراوردێك لەنێوان رواڵەت و بنەماکانی ژیان، گ(کوردۆلۆجی)، ژ(٢)، ٢٠٠٩.
٢. رێنان، ئێرنێست: نەتەوە چییە؟ و(د.موحسین ئەحمەد عومەر)، گ(کوردۆلۆجی)، ژ(٢)، ٢٠٠٩.
٣. محەمەد، کامەران: رامانێك لەسیستەمی خێڵایەتی و سیستەمی خێڵایەتی لەکوردستاندا، گ(نوێبوون)، ژ(٣)، ٢٠٠٨.
٤. ئەرسەلان، حەمید بۆز: کوردایەتی و جوڵانەوەی کورد لەماوەی نێوان (١٨٨٩-٢٠٠٠)، گ(دۆسێی تورکیا)، ژ(٤)، تشرینی دووەمی ٢٠٠٦. سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیجی کوردستان، سلێمانی.

**سێیەم- ئینتەرنێت:**

١. محاولات عبدالحميد الثاني في إدماج العشائر: التوطين ومدرسة العشائر انظر https://nlka.net/archives/10472.

## الكورد والفرسان الحميدية(١٨٩١- ١٩٢٣)

## "دراسة فى علاقة بين الدين والقومية والقبيلة"

**الملخص:**

انشغال الدولة العثمانية بحروبها مع روسيا فى نصف الثانى قرن التاسع عشر وخسارتها ادى الى تدمير اوضاعها السياسية والاقتصادية وظهور مشاكل عدة اهمها تدخل الدول الاوروبية وروسيا فى شؤنها الداخلية ونشوء حركات قومية ذات ميول تحررية من قبل شعوب البلقان. بعد معاهدة سان ستيفانو و انعقاد مؤتمر برلين ادى الى استقلال الشعوب البلقانية من الدولة العثمانية. بعد مؤتمر برلين ظهرت مشكلة الولايات الارمنية وبعدها القضية الارمنية الى الواجهة، لكن بسبب عدم تأييد القوى الاوروبية القضية الارمنية بجد انذاك، دفع الارمن بأنفسهم الى تحركات سياسية من داخل الدولة العثمانية وخارجها خاصة من دياسبورا(جنيف واثينا) الى تأسيس منظمات واحزاب سياسية مثل(داشناق وطاشناق) وكفاح من اجل امالهم القومية بعد دفعهم من جانب روسيا التى له طموحات لتوسيع نفوذها السياسى على حساب الدولة العثمانية.

نتيجة هذه الاسباب اتبع سلطان عبدالحميد الثانى سياسات عن طريق تشكيل الفرسان الحميدية من عشائر الكورد فى الولايات الحدودية مع روسيا وبعدها تأسيس مدرسة العشائر فى اسطنبول وتطبيق مشروع وفكرة الجامعة الاسلامية لمواجهة الاخطار وباللاخص سد طريق امام الارمن لتحقيق حلومهم. لذا تورطت بعض القبائل الكوردية ضمن الفرسان الحميدية فى قتال ومجازر الارمن. اسباب تورط الكورد فى قتال الارمن عدم وجود الوعى القومى وتسليط المصالح القبلية على المصالح القومية وتأثير الشعور الدينى، لكن الارمن ليسوا بريئا من هذه الاحداث لانه هاجموا القرى الكوردية وقتلوا ونهبوا القبائل الكوردية ايضا.

نحن نعتقد بأن مسالة مشاركة الكورد فى افواج الفرسان الحميدية ومذابح الارمن متعلق بتأثيرات الرؤية القبلية ومصالحها انذاك وايضا تأثير التفكير الدينى وخضوع الكورد لمشاريع وسياسات السلطان عبدالحميد الثانى فى ذلك المرحلة التاريخية. واهم العوامل الاخرى هو عدم تبلور الوعى القومى عند الكورد بسبب اوضاعهم الاقتصادية والاجتماعية السيئة. واخر العوامل المتأثرة فى هذه الموضوع برأى بعض المفكرون نشوء القومية والوعى القومى عدم انتقال المتجمع الكوردى من

المجتمع الزراعى الى المجتمع الصـــــناعى وعدم وجود الطبقة البورجوازية لان القومية نتيجة وجود المجتمع الصناعى.

تم في هذه الدراسـة اسـتخدام منهج البحث التاريخي لعرض الأحداث التاريخية ومتابعة وتحليل أسـباب حدوثها وتأثيرها على نتيجة الأحداث. وفي الجزء الثاني تم اتباع المنهج التحليلي لشرح تكوين الخيالة الحميدية والمشاركة الكردية فيها من منظور العلاقة بين القبيلة والدين والقومية.

**كلمات الدالة:** *الكورد، الفرسان الحميدية، الدين، الارمن، القومية، القبيلة*

**The Hamidiyan Cavarly (1891 - 1923)**

**"A study in the relationship between Religion, Nationalism and tribe"**

**Abstract:**

The Ottoman Empire's preoccupation with its wars with Russia in the second half of the nineteenth century and their loss led to the destruction of its political and economic conditions and the emergence of several problems, the most important of which was the interference of European countries and Russia in its internal affairs and the emergence of nationalist movements with liberal tendencies by the peoples of the Balkans. After the Treaty of San Stefano and the Berlin Conference, it led to the independence of the Balkan peoples from the Ottoman Empire. After the Berlin Conference, the problem of the Armenian provinces and then the Armenian issue came to the fore, but because the European powers did not seriously support the Armenian issue at that time, the Armenians pushed themselves into political movements from inside and outside the Ottoman Empire, especially from Diaspora (Geneva and Athens) to... He established political organizations and parties such as (Dashnaq and Tashnak) and a struggle for their national aspirations after being pushed by Russia, which had ambitions to expand its political influence at the expense of the Ottoman Empire.

As a result of these reasons, Sultan Abdul Hamid II followed policies by forming the Hamidi Knights from the Kurdish clans in the border states with Russia, and then establishing the clan school in Istanbul and implementing the project and idea of the Islamic University to confront the dangers, especially blocking the road. In front of the Armenians to achieve their dreams. Therefore, some Kurdish tribes within the Hamidiye Knights were involved in the fighting and massacres of the Armenians. The reasons for the Kurds' involvement in fighting the Armenians were the lack of national awareness, the dominance of tribal interests over national interests, and the influence of religious sentiment. However, the Armenians were not innocent of these events because they attacked Kurdish villages and killed and plundered Kurdish tribes as well.

We believe that the issue of the Kurds' participation in the Hamidian cavalry regiments and the Armenian massacres is related to the influences of the tribal vision and its interests at that time, as well as the influence of religious thinking and the submission of the Kurds to the projects and policies of Sultan Abdul Hamid II at that historical stage. The most important other factor is the lack of crystallization of national awareness among the Kurds due to their poor economic and social conditions. The last factors affected by this issue, in the opinion of some thinkers, are the emergence of nationalism and national consciousness, the failure of the Kurdish community to move from agricultural society to industrial society, and the absence of the bourgeois class, because nationalism is the result of the existence of industrial society.

This study uses historical research methodology to present historical events and follow up and analyze the causes of events and their impact on the outcome of events. In the second part, the analytical methodology is followed to explain the formation of the Hamidiyya imagination and the Kurdish participation in it from the perspective of the relationship between tribe, religion and ethnicity.

**Keywords:** *Kurds, Hamidiyan Cavarly, religion, Armenians, nationalism, tribe.*